حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

# وەزارەتی پلاندانان لە ماوەی دوو ساڵی کابینەی 7 دا

## کارو چالاکیەکانی وەزارەتی پلاندانان

(1ی نیسان 2012 - 21ی ئەیلول 2013)

شوبات - 2014

www.mop-krg.org وەزارەتی پلاندانان

# وەزارەتی پلاندانان لە ماوەی دوو ساڵی کابینەی 7 دا

## کارو چالاکیەکانی وەزارەتی پلاندانان

1ی نیسان 2012 - 21ی ئەیلول 2013

شوبات - 2014

# پێرست


- پێشەكی ........................ 7
- یاسای ژمارە (7) ی ساڵی 2006 ........................ 9
- بە ئامادەبوونی وەزیری پلاندانان گفتوگۆكانی پەرلەمان دەربارەی بودجەی 2012 ئەنجامدرا ........................ 17
- ئامادەكردنی بودجەی وەبەرهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2013 ........................ 18
- ئامادەكردنـی بـودجەی وەبەرهێنانـی سـاڵی 2014 ........................ 20
- وەزیری پلاندانان بەشداری كۆڕبەندی ئابووری جیهانی لە پۆڵەندا كـرد ........................ 21
- واژۆكردنی ڕێككەوتننامەی پرۆگرامی هاوكاری پەرەپێدان لەنێوان وەزارەتی پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی پەرەپێدانی توركیا ........................ 27
- خستنەڕووی حەوت ڕاپۆرت كە ڕێگای كوردستان نیشاندەدات لە (ڕابردوو، ئێستا، ئایندە) ........................ 28
- دیدگای حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2020 بنیاتنان لەسەر مێژوو كەڵك وەرگرتن لە دەرفەتەكان ........................ 30
- واژۆكردنی گرێبەستێك لەنێوان وەزارەتی پلاندانان و ئاژانسی هاوكاریكردنی نێودەوڵەتی KOIKA ........................ 32
- چالاكیەكانی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری، كە لەماوەی دیاریكراوی ئەم ڕاپۆرتەدا ئەنجامدراون ........................ 33
- پۆلێنكردنی كۆمپانیا و بەڵێندەران لەماوەی نێوان مانگی 4 /2012 تا 2013/9/5 ........................ 36
- پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە بواری گرێبەستە گشتیەكان و هەمواركردنەوەی ڕێنماییەكان و پێگەیاندنی ڕاهێنەران لەگەڵ چەندین كاری دیكەی پەیوەندیدار لەم بوارەدا ........................ 38
- بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ لە دوو ساڵی ڕابردوودا ........................ 39
- پرۆژەی تواناسازی بۆ بەرزكردنەوەی توانا مرۆییەكان ........................ 59
- كارو چالاكیەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی ........................ 62
- كارو پرۆژەكان بەهاوكاری لەگەڵ ڕێكخراوی UNICEF (سندوقی داهاتی وواڵتە یەكگرتووەكان بۆ مندااڵن) ........................ 64
- یازدەمین كۆبوونەوەی هاوبەشی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا ........................ 67
- كاروچاالكی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری ........................ 68

# پێشەکی

وەزارەتی پلاندانان بەپێی ئەرك و کارەکانی خۆی کەبەپێی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (7)ی ساڵی 2006 بۆی دەستنیشانکراوە هەڵساوە بە ئەنجامدانی چەندین کارو پرۆژەی گرنگ، لەپێناو بەکارخستن و پەرەپێدانی ژێرخانی سێکتەرەکان و باشترکردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان و دابینکردنی پێداویستیەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەویش بە هاوکاریکردن لەگەڵ وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە هاوکاریەکانی ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

لەم ڕاپۆرتەدا تەنها پوختەی ژمارەیەك لە کارە سەرەکیەکان خراونەتەڕوو، کە لە 2012/4/1 تا 2013/9/21 ئەنجامدراون.

لەم ماوەیەدا وەزارەتی پلاندانان چەندین کارو پرۆژەی گرنگی ئەنجامداوە لە دانانی پلانی بودجەی وەبەرهێنانی حکومی بەشێوەیەك کە لە خزمەتی هاووڵاتیانی هەرێمدا بێت، وە بەتایبەتی هەڵسەنگاندن و ئەنجامدانی جەدوای ئیقتسادی بۆ ئەم پرۆژانە و پەیرەوکردنی دادپەروەری لە دابەشکردنیان بەپێی شوێنی جوگرافی و چەندین پێوەری دیکە.

لەماوەی ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا، وەزارەت هەڵساوە بەئەنجامدانی دەیان ڕووپێوی گرنگ و ئامادەکاریکردن بۆ جێبەجێکردنی ژمارەیەکی دیکە تا وەك بنەمایەك سوودی لێوەربگیرێت لە دانانی هەر پلانێکی پەیوەندیدار لە دام و دەزگاکانی حکومەت دا.

هەروەها وەزارەت هەڵساوە بە ئەنجامدانی چەندین کارو چالاکی دیکە لە بوارەکانی دانانی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی بۆ پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان.

وە هەروەها ئەنجامدانی چەندین کارو پرۆژەی تر لە بوارەکانی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری و پەرەپێدانی سەدان کارمەندی حکومی لەڕێگای کردنەوەی خولی جۆراوجۆر، وە ئەنجامدانی چەندین کاری تر لە بواری پۆلێنکردنی کۆمپانیا و بەڵێندەران، وەهەروەها هەماهەنگیکردنی لایەنە نێودەوڵەتییەکان بەمەبەستی هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامدانی پرۆژەی پێویست و گەلێك کارو پرۆژەی دیکە.

# یاسای ژمارە (7) ی ساڵی 2006

# یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان - عیراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عیراق**

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عیراق دایناوەو بەپێی حوكمی مادە دە/یەكەم لە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان- عیراق، ئەم یاسایەمان دەرچواند:

**یاسای ژمارە(٧)ی ساڵی /٢٠٠٦**

**یاسای وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی كوردستان - عیراق**

**ماددەی یەكەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، واتاكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەكەم** : هەرێم : هەرێمی كوردستان - عیراق.

**دووەم**: وەزارەت : وەزارەتی پلاندانانی هەرێم.

**سێیەم**: وەزیر : وەزیری پلاندانانی هەرێم.

**چوارەم**:بریكار: بریكاری وەزارەتی پلاندانان.

**پێنجەم**: مەڵبەند : مەڵبەندی پێشخستنی كارگێری.

**ماددەی دووەم:**

**وەزارەت وەدی هێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**یەكەم**:ئامادەكردنی پلانەكانی پەرەپێدانی هەرێم وپێشخستنی لە رووی ئابووری و كۆمەڵایەتی ومرۆیی ورۆشنبیرییەوە، لە ژێر رۆشنایی پێداویستی یە هەنووكەیی یە چاوەڕوانكراوەكانی كۆمەڵگا.

**دووەم**:بەبەشداربوونی وەزارەتەكان و كەرتە حكومی یەكان و كەرتی تایبەت ، تێكڕای ئامانجەكانی پلانە درێژو مامناوەند وكورتخایەنەكان ئامادەدەكات بەو ئامانج و سیاسەتانە شەوەكەلە خۆی دەگرێت.

**سێیەم**:ئامادەكردنی پلان بۆ چارەسەركردنی كێشە جۆراوجۆرە كۆمەڵایەتیەكان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگا پێوەندیدارەكاندا.

**چوارەم**:پلان بۆ وەبەرهێنانی حكومی دادەنێ وپارەی تەرخانكراوی وەبەرهێنەكی (الاستثمارية) لە بوودجەی گشتی دەوڵەتدا پێشنیازیش دەكا و بە پێی ی پارێزگا وناوچە شارنشین

ودێهات نشینەکان دابەشبکرێ و، ڕەچاوکردنی گرنگتربوون(الاولویة) لە دیاریکردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە کە لەسەربووجەی وەبەرهێنەکی (الاستثمارية) دارایی دەکرێن (تمول) بەهەمانەنگی لە گەڵ گشت ئەو وەزارەتانەدا کە پەیوەندیدارن وبە دواداچوونی باش جێبەجێکردنیان.

**پێنجەم**:ئامادەکردنی بەرنامەی گشتگیرو درێژخایەن وکورتخایەن و ساڵانە بۆ سازکردنی هێزی کاری مرۆیی پێویست بەهاوکاریی زانکۆو دەزگاکانی فێرکردن.

**شەشەم**:هاوکاری کردن لەگەڵ دەزگا حکومییەکان لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ بەرەوپێش بردنیان و تازەکردنەوەو باشترکردنی ڕێکخستنی ئیداری و بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی ڕاپەڕاندنی کارتیایاندا و،گەشەپێدانی توانستی سەرکردە ئیداری و هونەرییەکان ومەشق پێدانی ئاستە جۆر بەجۆرەکان.

**حەوتەم**:کارکردن بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان سەرچاوەکانی دەرامەت وپێداویستەکانی گەشەپێدان بەدانانی پرەنسیپ و ئاراستەی گشتی بۆ بەڕێوەبردنی ستراتیجیەتی گەشە پێدانی ئابووری وکۆمەڵایەتی.

**هەشتەم**:بایەخدان بە دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی،بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، ودامەزراندنی بانکی زانیاری و،پێرۆکردنی شێوازی ڕوون ودیار(شفاف)لە دامەزراندنی حکومەتی دەزگاییدا.

**نۆیەم**:بەشداریکردن لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی پارەدەرو یاریدەی هونەری لە دەوڵەت ودەزگا نێودەوڵەتییە بەخشەرەکانەوە.هەروەها بەشداریکردن لەو دانوستانانەی کە لەگەڵ لایەنە بەخشەرەکاندا بەڕێوەدەچێ،تا،بەڵێنەکانی خۆیان بەئەنسەرو،یارمەتی وبەخشش و قەرزیان لێ وەدەستکەوێ و،بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمدا،پرۆژەکانی هەرێمی پێ دارایی بکرێ (تمول).

**دەیەم**:هاندانی کەرتی تایبەت و،وەبەرهێنانیی خۆماڵی وبیانی، بۆئەوەی لەگەشەپێدانی ئابووری هەرێمدا بەشداری بکەن.هەروەها،سیاسەت ورێگاکانیش پێشنیازدەکا،کەئەم کەرتە چالاکتربکا بەهاوکاریی دەزگا پێوەندیدارەکانی حکومەت.

**یازدە**:بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای مەرکەزیی پێوەرکاری (التقييس)وکۆنترۆلی جۆرەکی (النوعية)وەزارەتی پلان دانان وهاوکاریی وگەشەپێدانی عیراقی فیدراڵدا سیستەمێکی نیشتمانی بۆ پێوەرکاری وکۆنترۆلی جۆرەکی لە هەرێمدا پێرۆدەکاو،پشت بە مواسەفاتی عیراقی وجیهانییش دەبەستێت و، چاودێری بەکارخستنیان دەکاو،پشکنین وشیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی تایبەت بە پێوەرکاری وکۆنترۆلی جۆرەکی ئەنجام دەدات و،ئامۆژگاری

دەدات لەبارەی ئەم مەسەلانەوە بە هەموو لایەنێکی حکومی و ئەهلی لە هەرێمدا،گەر بیانەوێ.

دوازدە:کردارەکانی ئامار(احصاء) لە هەرێمدا بەجێ دێنێ،کە پێوەندییان بە سەرژمێرییە گشتییەکانی دانیشتوانی هەرێم و خانوەکان ورووپێوی ئامادەیی تایبەت بە کەرتە جۆر بە جۆرەکانی هەرێمەوە هەیە.ئەم کارەش،بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای عیراقی فیدراڵ ، بەجێ دێنێ.

سیازدە:لەکاتی ئامادەکردنی پلان وبەرنامەکانی وەزارەتەکە دا، سەلامەتی ژینگەی هەرێم رەچاودەکا.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:** وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

یەکەم:وەزیر:سەرۆکی باڵاو بەرپرسی ئیش وکارو ئاراستەکردنی سیاسەت وسەرپەرشتی و چاودێری دەکات وهەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییەکیش پێوەندییان بە ئەرکوفرمان وپێکهاتەو سەڵاحییات و،کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری و رێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە،بەپێی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچن وبە سەرپەرشتی خۆی جێبەجێ دەکرێن.بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسە،وەکو ئەندامیکی دەستبەر لە ئەنجومەنەکەدا.وەزیر بۆی هەیە، هەندێ لە سەڵاحیاتی خۆی بە بریکاری وەزارەت یان بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان بە هەر فرمانبەرێکی دیکە بسپێری کە خۆی بە باشی بزانێ.

دووەم:بریکاری وەزارەت:لە چوارچێوەی سەڵاحیاتدا کە پێی دەسپێردرێ،یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی وەزارەت وسەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانیدا،بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ و،خاوەن ئەزموون و پسپۆڕییێت.

سێیەم:نووسینگەی وەزیر:فرمانبەرێ،بەپلەی بەڕێوەبەر،بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

چوارەم:نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فرمانبەرێ،بەپلەی بەڕێوەبەر،بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

پێنجەم:راوێژکاران:ژمارەیان لەچوار کەس زیاترنییە.مەرجیشە بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیان هەبێ و، خاوەن ئەزموون وکەر دەش (ممارسة) بن.

شەشەم:دەستەی ئاماری هەرێم:فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا،بڕانامەیەکی بەرایی زانکۆی هەبێ.لەرکوفرمانی خۆی بەپێی سەڵاحیاتێ کە پێی دەسپێردرێ ،هەڵدەسووڕێنێ.

حەوتەم: دەستەی پێوەرکاری (التقييس)و کۆنترۆڵی جۆرەکی لـە هەرێمـدا: فرمانبـەرێ بەپلـەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەیەکی بـەرایی زانکـۆی هـەبێ. ئـەرکوفرمانی خویشـی بـەپێی سـەلاحیاتێ کـە پێـی سـپێردراوە هەڵدەسـووڕێنێ وبەڕێوەبەرایەتیـەکانی پێوەرکاری وکۆنترۆڵی جۆری لە پارێزگاکان وابستەی دەبن.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێڕی ودارایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سـەرۆکایەتیی دەکـا، بڕوانامەیـەکی بـەرایی زانکـۆی هـەبێ. ئـەرکوفرمانی زامنکـردن ورێکخسـتنی پێداویستەکانی کار، دەگرێتە ئەستۆ. لەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوە پێك دێت:

أ- بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری کارگێڕی.

ب- بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری دارایی.

ج- بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی.

د- بەڕێوەبەرایەتیی تاکەکان.

هـ- بەشی پۆلێن کردنی (مقاولەکان) بەڵێندەرەکان.

نۆیـــەم: بەڕێوەبەرایـــەتی گشـــتی ئامـــادەکردن وهەماهـــەنگی کردنـــی پلانـــەکانی گەشەپێدان: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێت ولەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:-

أ- بەڕێوەبەرایەتی پلانەکانی گەشەپێدان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی ئابووری.

ج- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی کشتوکاڵی.

د- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی پیشەسازی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی گەشتیاری.

و- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی بیناسازی ونیشتەجێ وخزمەتگوزاریەکان.

ز- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان بۆ گواستنەوەوگەیاندن.

دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پڕۆژەکانی بوودجەی وەبەرهێنەکی: بەڕێوەبەرێکی گشـتی سەرۆکایەتی دەکات بەمەرجێ بڕوانامەیـەکی بـەرایی زانکـۆیی هـەبێت وپێـك دێـت لـەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە:

أ- بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی گرنگتربوونی (الاولویە) پڕۆژەکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردنی پڕۆژەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی چاکێتی (جدوی) پڕۆژەکانی گەشەپێدان.

**یازدەم:** بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی:بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێت ولەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:-

أ- مەڵبەندی هەرێمی بۆ پێشخستنی کارگێری.

ب- بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی هێزی کاروکارپێکردن.

ج- بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی پەروەردە وفێرکردن.

د- بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی پەرەپێدانی کۆمەلآیەتی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری.

**دووازدەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەماهەنگی وهاوکاری پەرەپێدان:بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکا بەمەرجێ بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆیی هەبێت،ولەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:

أ- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان.

ب-بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی کاروباری وولآتە بەخشەرەکان ورێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتەکانی هاندانی کەرتی تایبەت ووەبەرهێنان.

**ماددەی چوارەم:** وەزیر بۆی هەیە گرێبەست بکات لەگەل کەسانی سرووشتی ومەعنەوی لەوانەی خاوەن پسپۆڕی وشارەزان لەناوەوەی هەرێم ودەرەوەیدا بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرك و فەرمانانەی کە پێیان دەسپێردرێت وبۆ ئەو ماوەی بە گونجاوی دەزانێت ئەویش بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی وەزارەت و، ماف وپابەندیەکانیان لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** فرمان وئەرکەکان وپێکهاتەکانی وەزارەت بەپێڕۆیەك دیاری دەکرێت.


**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی وبەش وهۆبەی نویێ بکاتەوە، یان تێکەلآویان کات، یان پووچەڵیان بکاتەوە، لە چوارچێوەی پێکهاتەکانی وەزارەت وبەپێی پێداویستی کارەکانی.

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی شەشەم:** کاربە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی حەفتەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێبکەن.

ماددەی هەشتەم: ئەم یاسایەکاری پێدەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوەوله رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) بلاو دەکرێتەوە.



**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عیراق**

لە رۆژی (١٦/٦/٢٠٠٦)ی زایینی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ٤ی پووشپەڕ/٢٧٠٦ ی کوردی

**هۆی دەرچوونی ئەم یاسایە**

لەبەرئازە دامەزرانی وەزارەتێک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانانی پلانی گەشەپێدانی هەرێم وبەرەوپێش بردنی لەرووی ئابووری وکۆمەلآیەتی ومرۆیی ورۆشنبیری یەوە لەژێر رۆشنایی پێداویستیە هەنووکەییەکانی کۆمەلگای کوردستانی وئەوەی پێشبینی دەکرێن،هەروەها هاوکاری کردنی دامودەزگاکانی حکومەت لە ئامادەکردنی لێکۆلینەوەی پێویست بۆ بەرەوپێش بردنی ونوێ کردنەوەی وبەرێوەبردنی ستراتیجیەتی پەرەپێدانی ئابووری وکۆمەلآیەتی وچارەسەر کردنی کێشە کۆمەلآیەتیە جۆراوجۆرەکان وسازکردنی هێزی مرۆیی.بۆیە بە پێویست زانرا یاسایەك دەربکرێ فرمان وئامانجەکانی ئەم وەزارەتەو بەرێوەبەرایەتیەکانی دیاری بکات وفرمانی هەریەکێکیان رێك بخات. بۆ ئەو مەبەستانە ئەم یاسایە دەرکرا.

# بە ئامادەبوونی وەزیری پلاندانان گفتوگۆكانی پەرلەمان دەربارەی بودجەی 2012 ئەنجامدرا

وەك كارێكی ساڵانە، وەزارەتی پلاندانان پڕۆژەی بودجەی وەبەرهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستانی ئامادەكرد و پێشكەشیكرد بۆ پەرلەمانی كوردستان، بەمەبەستی لێووردبوونەوە و تاوتوێكردنی. لە بەرواری 2012/6/11 گفتوگۆكانی پەرلەمان



دەربارەی بودجە بە ئامادەبوونی وەزیری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان دكتۆر علی عوسمان سندی دەستیپێكرد و چەند رۆژێكی خایەند. لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا گفتوگۆی تێروتەسەل لەسەر پڕۆژەی بودجە كراو پەرلەمانتاران تێبینی و ڕاو بۆچوون و پرسیارەكانیان سەبارەت بە ووردەكاری پڕۆژەكە خستەڕوو، دواتریش وەزیری پلاندانان وەڵامی یەكە یەكەی تێبینی و پرسیارەكانی دایەوە.

بودجەی وەبەرهێنانی هەرێمی كوردستان بریتی بوو لە 4،500،000 تریلیۆن دینار، لەم برە 3،678،437 تریلیۆن بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنانە، كە لەلایەن وەزارەت و دەستەكانی حكومەتی هەرێم جێبەجێ دەكرێت و بری 821،563 ملیار دیناریش بۆ پەرەپێدانی پارێزگاكان. هەروەها لە بودجەی پرۆژەكانی وەبەرهێنان بری 3،840،275 تریلیۆن دینار بۆ ئەو پرۆژانەی كە لەژێر جێبەجێكردندان و بری 402،596 ملیار دیناریش بۆ پرۆژەی نوێ تەرخانكرا بوو.

شایانی ئاماژەپێدانە لەكاتی دارشتنی پرۆژەی بودجەی ساڵی 2012 وەزارەتی پلاندانان

سەرجەم لايەنەكانی ژيانی له هەرێمی كوردستان لەبەرچاو گرتووه، وەك پەرەپێدانـــــی ئابووری بـــه كەرته جۆراوجۆرەكانيەوه (كارەبا، كشتوكاڵ، گواستنەوه و پەيوەنديـكردن، بازرگانی و پيشەسازی، سامانه سروشتييەكان،... هتد)، هەروەها له بواری كۆمەڵايـەتـيش وەك (پەروەرده، تەندروستی، نيشتەجێكردن، لاوان، كار، شەهيدان،... هتد)، وە له بـواری بەڕێوەبردنی گشتی و ئاسايش (سەرۆكايەتی هەرێم، ئەنجومـەنـی وەزيـران، پـەرلـەمـان، دارايی، پلاندانان، ناوخۆ، پێشمەرگە،... هتد). زياتر لەمەش، له دابەشكردنـی بـودجـەكـه بەسەر ناوچه جياجياكانی هەرێمدا پێويستی و ڕێژەی دانيشـتـوان ڕەچاوكـرا. هـەروەهـا گەلێك پڕۆژەی ستراتيجی تيادا هاتبوو لەوانه: دروستكـردنـــــــی ژمـارەيـەك بـەنـداو و فڕۆكەخانه و... هتد.

بەپێی هەموو پێوەرێكەوە، پێشبينی دەكرا كه پلانـی پڕۆژەی بـودجـەی وەبـەرهـێـنـانـی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2012 خزمەتی زياتر بـه هـاووڵاتـيـانـی هـەرێـم پێشكەش بكات و ڕێڕەوی پەرەپێدانی هەرێمی كوردستان بەرەوپێشەوە بـبـات و بـبـێـتـه مايەی كەمبوونەوەی كێشه و قەيرانەكانی نيشتەجێبوون و بێكاری و... هتد.

## ئامادەكردنی بودجەی وەبەرهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2013

بەمەبەستی ئامادەكردنی بودجەی ساڵی 2013 لـەكـاتـی خـۆيـدا، وەزارەتـی پـلانـدانـان ماوەی نـێوان 2012/8/9 تا 2012/8/30 كۆبـوونـەوەكـانـی لـەگـەڵ وەزارەت و دەزگاكانی حكومەت سەبارەت بە تاوتـوێـكـردنـی پـڕۆژەكـانـی بـودجـەی وەبـەرهـێـنـانـی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەردەوام بوو، لەم كۆبـوونـەوانـەدا گـفـتـوگـۆ كـرا لـەسـەر پڕۆژه بەردەوامەكانی ساڵی 2013 لـەگـەڵ تـەرخـانـكـردنـی بـودجـەی خـەمـڵـێـنـراوی 2013 بۆ پـڕۆژەكـان، كـه تـيـايـدا بـەڕێـزان وەزيـری پـلانـدانـان و وەزيـرەكـانـی تـر ئامادەبوون. وە هەر وەزارەتێك له ڕۆژی گفتوگۆكردنی ماوەی يەك هەفتەی بۆ دياريـكـرا، تا ليستی پڕۆژەی بەردەوام و پڕۆژه پێشنياركراوەكانی پێشكەش بە وەزارەتـی پـلانـدانـان بكات.

جياوازى بودجەى ساڵى 2013 لەگەڵ ساڵانى ڕابردوو لـــــە چوار خاڵ خۆى دەبينێتەوە، كە بريتين لە:

يەكەم: لەم ساڵەدا حكومەتى هەرێمى كوردستان لەسەر فەرمانى سەرۆكى حكومەت بەڕێز نێچيرڤان بارزانى زووتر دەستيكردووە بە ئامادەكردنى بودجە، وە بۆ يەكەم ساڵيش بوو چاوەڕێى پەسەندكردنى بودجەى حكومەتى عيراقى فيدراڵ ناكرێت ئەمەش كارێكى ئاســـاييە، لەبەرئەوەى بودجەكە خەملێنراوە.

دووەم: وەزيرە بەڕێزەكان ڕاستەوخۆ بەشدارى كۆبوونەوەكانى ئامادەكردنى بودجەيان كرد، كە ساڵانى پێشوو بەڕێوەبەرە گشتيەكانى وەزارەتەكان بەشداريان تيادا دەكرد.

سێيەم: شێوازى دابەشكردنى بودجە لــەسەر وەزارەتەكاندا بــە لەبەرچاوگرتنى تواناى خەرجكردن و گرنگى سێكتەرەكان دانراوە، كە هەر لە سەرەتاوە پێش دەستپێكردنى گفتوگۆكان بودجەى تەرخانكراو بۆ هەر وەزارەتێك دياريكرا بوو، بۆئەوەى وەزارەتەكان پلان و پرۆژەكانيان لە چوارچێوەى ئەم بودجەيە دابڕێژن.

چوارەم: دابەشكردنى بودجەى تەرخانكراو بۆ هەر وەزارەتێك بەسەر هەرسێ پارێزگا و ئيدارەى گەرميان لە ساڵانى ڕابردوو لەلايەن وەزارەتى پلاندانانەوە ئەنجام دەدرا، بەڵام لەم ساڵەدا دەسەڵات دراوە بە وەزارەتەكان بۆ ئەنجامدانى ئەم كارە، وە دواتر دەدرێت بە وەزارەتى پلاندانان بەمەبەستى پێداچوونەوەى.

سەبارەت بە ئەولەويەتى حكومەتى هەرێم لە تەرخانكردنى بودجە بۆ 2013، كەرتـــى شارەوانى و خزمەتگوزارييەكان زۆرترين پشكى بەركەوتووە، ئەمەش بۆ دابينكردنى ئاوى خاوێن بۆ هاووڵاتييان و دروستكردنى ئاوەڕۆ و قيرتاوكردنـــى شەقامە نـــاوخۆييەكان.

دواتر كەرتەكانـــى (ئاوەدانكردنەوە، كارەبا، پەروەردە، تەندروستى، كشتوكاڵ) يەك لەدواى يەك دێن. هەروەها بودجەى 2013 دروستكردنـــى خانوو بۆ خەڵكى كەمدەرامەتيش لـــەخۆ گرتووە.

ئەم زانياريانە دەبێت لەگەڵ بودجەى ئاسايى ئـــەم وەزارەتە كۆبكرێتەوە، تا كۆى بودجەى ئـــەم وەزارەتە دەركەوێت، كـــــە وەزارەتـــى دارايى و ئابوورى ئەم كارە

ئەنجام دەدات. هەروەها پەسەندكردنی بودجەش لەكاتی خۆیدا گرنگیەكی زۆری هەیە بۆ جێبەجێكردنی پڕۆژەكان.

## ئامادەكردنی بودجەی وەبەرهێنانی سالی 2014

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتی پلاندانان بە میكانیزمێكی نوێ بە هەماهەنگیی لەگەڵ گشت وەزارەتەكان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پسپۆڕانی ناوخۆیی و دەرەكی تایبەت بە بواری بودجە، دەستیكرد بە ئامادەكاری بۆ بودجەی سالی 2014، كە هەماهەنگییەكانی نێوان وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتەكانی تری حكومەتی هەرێم بە چەندین قۆناغ تێپەری.

سەرەتای ئامادەكاری بۆ بودجەی سالی 2014 بە دانیشتن و كۆبوونەوە لەنێوان وەزیری پلاندانان و وەزیرەكانی تری كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەستپێكرد، كە كۆبوونەوەی وەزیری پلاندانان لەگەڵ گشت وەزیرەكانی حكومەتی هەرێم بۆ تاوتوێكردن و تێگەیشتنی زیاتر لە داخوازی و ئەولەویەتەكانی وەزارەتەكان بوو بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەكان و چۆنیەتی ڕاپەراندنی كارەكان سەبارەت بە بودجەی وەبەرهێنان.

قۆناغی دووەمی ئامادەكاری بۆ بودجەی سالی 2014، چەندین كۆبوونەوەبوو لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پڕۆژەكانی بودجەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكانی پلان لە وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ دەستنیشانكردنی بودجەی پێویست بۆ پڕۆژەكانی وەبەرهێنان لە هەر وەزارەتێكدا. هەروەها ڕاهێنانێكی بەرفراوان بۆ فەرمانبەرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان تایبەت بەم بوارە لە وەزارەتی پلاندانان ئەنجامدرا، بەمەبەستی تێگەیشتنی زیاترو وەرگرتنی ئەزموونی نوێ سەبارەت بە چۆنیەتی داواكاریەكانی بودجە. جگە لەمەش وەزارەتی پلاندانان هەوڵیداوە چەند شێوازێكی نوێ بێنێتە ناو سیستەمی ئامادەكاریەكانی بودجە.

# وەزیری پلاندانان، بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی لە پۆڵەندا کــرد




لە میانەی سەردانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆماری پۆڵەندا بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی کە لە هەرێمی کڕاکاو لەم وولاتە ساز کرا، لە 2012/9/5 دکتۆر علی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی شاندی حکومەتی هەرێم، لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆڕبەندەکە ووتارێکی لەژێر ناونیشانی (بوارەکانی هاوکاری ئابووری لەنێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمەکانی ئەوروپا) پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، کە پێکهاتبوون لە ئەندامانی خاوەن بڕیار و خاوەن کاری ئەوروپی.

دکتۆر علی سندی جەختی کردەوە کە هەرێمی کوردستان دەرگاکانی والآیە بەرامبەر بە وەبەرهێنەرانی ئەوروپی لە هەرێمی کوردستان. دووپاتیشی کردەوە کە بەهۆی هاوولاتیان و شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان ئەو یاسایانەی تیایدا کاری پێدەکرێت، بۆتە

ناوچەیەكی سەرنج ڕاكێش بۆ وەبەرهێنانی بیانی، ئەمەش لە كاتێكدایە كە وەبەرهێنەرانی ئەوروپی بەدوای دەرفەتی كار دەگەڕێن لە دەرەوەی ئەوروپادا بەهۆی تەشەنەكردنی قەیرانی ئابووری لە ئەوروپا.

لە درێژەی ووتارەكەیدا وەزیری پلاندانان ئەو ڕاستیەی خستەڕوو كە ئامانجی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ئەنجامدانی وەبەرهێنان و هاوكاری بیانی لە گشت كەرتەكاندا، بەدیهێنانی پەرەپێدانی خێرا و بەردەوامی هەرێمی كوردستانە.

لەڕێكەوتی 2012/9/6 شاندی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە سەرۆكایەتی دكتۆر علی سندی، وەزیری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و یاوەری هێرش محرم، سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی كوردستان لەلایەن مارێك سۆوا سەرۆكی هەرێمی ماتۆپۆڵسكا كە دەكەوێتە باشووری ووڵات پێشوازی لێكرا. وەزیری پلاندانان سوپاس و ستایشی هەرێمی كوردستانی ئاراستەی حكومەتی پۆڵەندا كرد بۆ هاوكاریكردنی هەرێمی كوردستان، وە گرنگی هاندانی هاوكاری ئابووری زیاتر لەنێوان هەرێمی كوردستان و پۆڵەندای خستەڕوو.

هەروەها سەرۆكی هەرێمی ماتۆپۆڵساكا لە كۆتایی ساڵی 2011 سەردانی هەرێمی كوردستانی كرد و لەلایەن بەڕێز سەرۆكی هەرێم پێشوازی لێكرا، وە هەردوو لایەن ڕێككەوتن لەسەر پتەوكردنی پەیوەندی كەلتووری و زانستی و پەرەپێدان و هاوكاری و هەماهەنگیی لە نێوانیاندا.

★★★

# بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان، ڕاپۆرتی سەرەتایی هەڵسەنگاندنی ژێرخانی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە وەزیری پلاندانان دەکات

لەمیانەی پرۆژەی هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، کە بە هاوبەشی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان UNDP جێبەجێ دەکرێت، میشێل دیل بۆنۆ، سەرۆکی تیمی پسپۆرانی UNDP کە لایەنی سەرپەرشتیاری جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەن، ڕاپۆرتی سەرەتایی دەربارەی ئەم پرۆژەیەی پێشکەش بە دکتۆر علی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد.



لە کۆبوونەوەیەکەدا، گفتوگۆیەکی چڕ لەسەر دەرەنجامە سەرەتاییەکان کرا و ڕاسپاردە و سەرنجەکان پێشکەشکران بۆ لەبەرچاوگرتنیان لەکاتی دارشتنی ڕاپۆرتی کۆتایی پرۆژەکە، تا بەزووترین کات ئەنجام بدرێت.

ئەم پرۆژەیە کە لە مانگی ئایاری ساڵی 2012 دەستییێکرد، هەڵسەنگاندنێکی تەواوی ژێرخانی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو بۆ دەستنیشانکردنی بۆشایی و پێداویستیەکانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەبواری (تەندروستی، پەروەردە، کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆکان، کشتوکاڵ و ئاودێری، پیشەسازی، نیشتەجێبوون،

ئاوەدانكردنەوە، گواستنەوە، گەشتوگوزار)، هەروەها باشترین ڕێگەچارە بۆ پڕكردنەوەی ئەم بۆشاییانە دیاریدەكات. جگە لە بۆشاییەكان، پڕۆژەكە خاڵە بەهێزەكانی ژێرخانیش دیاریدەكات، بەمەبەستی پتەوكردن و زیاتر سوودمەندبوون لێیان.

# وەزیری پلاندانان و بانكی نێودەوڵەتی یاداشتێكی لێكگەیشتن بۆ پێشكەشكردنی هاوكاری تەكنیكیان واژۆ كــرد

لەڕێكەوتی 2012/12/2 دكتۆر علی سندی، وەزیری پلاندانانی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێشوازی لە شاندێكی بانكی نێودەوڵەتی بە سەرۆكایەتی فەرید بەلحاج، بەڕێوەبەری نوێی بانكی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە یاوەری جونەید أحمد، بەڕێوەبەری پەرەپێدانی بەردەوام لە بانكی نێودەوڵەتی و خاتوو ماریا هیلین بركنل، بەرپرسی بانكی نێودەوڵەتی لە عیراق كرد.
لە كۆبوونەوەكەدا بەڕێز فەرید بەلحاج بەرنامەی بانكی نێودەوڵەتی خستەڕوو، كە ژمارەیەك پڕۆژەیان بۆ جێبەجێكردن لە هەرێمی كوردستان لە بواری پەرەپێدان هەیە، كە سێكتەری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت.
وەزیری پلاندانان گرنگی پڕۆژەكانی بانكی نێودەوڵەتی بەرز نرخاند، كە زیاتر یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەشەكردنی بەردەوامی هەرێمی كوردستان، وە داوای كرد لە كارەكانیان بەردەاوم بن و ئامادەباشی حكومەتی هەرێمی كوردستانی نیشاندا بۆ پێشكەشكردنی هەر كارئاسانییەك، كە ببێتە مایەی سەركەوتن و بەرەوپێشچوونی كارەكانیان.

لە تەوەرێكی تردا وەزیری پلاندانان پێویستی حكومەتی هەرێمی كوردستانی بۆ هاوكاری و خزمەتگوزاری تەكنیكی لەبواری پەرەپێدان و سیاسەتی دارایی و پڕۆژەی هاوبەشی نێوان كەرتی گشتی و تایبەتی خستەڕوو، وە بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو لایەن یاداشتێكی لێكگەیشتنیان سەبارەت بە پێشكەشكردنی ئەم خزمەتگوزاریانە واژۆ كرد.

## وەزارەتی پلاندانان و ئاژانسی UNDP
## بە فەرمی پرۆگرامی پەرەپێدانی ناوچە خۆجێیەکان واژۆ دەکەن



لەڕێکەوتی 2012/12/13 وەزارەتی پلاندانان و ئاژانسی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی پرۆژەیەکی تری هاوبەشیکردنی دارایی بە بڕی (500،000) دۆلاری ئەمریکی بۆ جێبەجێکردنی چالاکیەکانی قۆناغی دووەمی پرۆگرامی پەرەپێدانی ناوچە خۆجێییەکان (LADP2) واژۆ کرد. ڕێککەوتنەکە لەلایەن بەڕێزان دکتۆر علی سندی، وەزیری پلاندانان و پیتەر باتجەلەر، بەڕێوەبەری نووسینگەی عیراقی پرۆگرامی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان واژۆ کرا.

پەرەپێدانی ناوچە خۆجێییەکان پرۆگرامێکی (3) ساڵەی بەشێوەی فرە ئاژانس (UNDP, ILO, UNOPS, UNHABITAT, WHO, UNICEF) جێبەجێ دەکرێت، کە مەبەست لێی دڵنیاکردنەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و سوود گەیاندنی

ئافرەت و چینی گەنجان و كۆمەڵە لاوازەكانە، بۆئەوەی دەستیان بگات بە خزمەتگوزاریی سەرەتایی جۆری باش لە بوارەكانی (تەندروستی، نیشتەجێبوون، پەروەردە، ئاو و ئاوەڕۆیەكان) لەگەڵ ئەو هاوبەشیەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هەروەها پرۆگرامی پەرەپێدانی ناوچە خۆجێییەكان لەلایەن حكومەتی عیراقی و حكومەتی سویدی دارایی دەكرێت و گفتوگۆكردنیش بەردەوامە لەگەڵ یەكێتی ئەوروپا بۆ دابینكردنی دارایی زیاتر بۆ پشتگیریكردنی پڕۆژە لە ساڵی 2013.

بەڕێز پیتەر باتجەلەر ڕوونیكردەوە كە UNDP بە درێژایی 35 ساڵی ڕابردوو لە عیراق بوونی هەبووە و بەردەوامیش ئامادەیە بۆ پشتگیریكردنی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە هەوڵە بەردەوامەكانیدا بۆ باشتركردنی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان. ئاژانسەكانی UN وەك بەشێك لە پرۆگرامەكە هاوكاری تەكنیكی بۆ پشتگیریكردنی پارێزگاكان لە هەرێمی كوردستان دابین دەكەن، وە بۆ پێكهێنانی ستراتیجیەتی پەرەپێدانی پارێزگاكان (Provincial Development Strategies) لەگەڵ چەند پلانێك، كە تیشك دەخەنەسەر بەدەستهێنانی ئامانجەكانی پەرەپێدانی هەزارەیی، هەروەها هاوكاری حكومەتی هەرێم دەكەن لە پەرەپێدانی ڕێبەری پلانە پەیوەندیدارەكان.

ستراتیجیەتی پەرەپێدانی پارێزگاكان یارمەتی ئەو گەشەسەندنە بەرچاوە دەدات، كە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی كوردستان بەدەستهێنراوە، وە هاوكاری پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی و بەردەوام گەیاندنی خزمەتگوزاری جۆری ئاست بەرز دەدات. بەهەمان شێوە قۆناغی دووەمی پرۆگرامی پەرەپێدانی ناوچە خۆجێییەكان (LADP2) پتەوكردنی توانستی لایەنە كاراكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەدات لە هاوكاربوونیان لەگەڵ حكومەتی خۆجێی، هەروەها دەبێتە خاڵێكی بە یەكتر بەستنەوە لەگەڵ دام و دەزگا نیشتمانیەكان و نێودەوڵەتیەكان.

لە كۆتاییدا بەڕێز پیتەر باتجەلەر سوپاسی بەڕێز دكتۆر علی سنـدی كـرد بۆ ڕێبەرایەتیكردن و پشتگیریكردن و دابینكردنی دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەم پرۆگرامە، وە بەو هیوایەیە كە قۆناغی دووەمی پرۆگرامی پەرەپێدانی ناوچە خۆجێیەكان ببێتە مایەی باشتركردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەكان بۆ خەڵكی هەرێمی كوردستان.

# واژۆكردنى ڕێككەوتننامەى پرۆگرامى هاوكارى پەرەپێدان لەنێوان وەزارەتى پلاندانانى حكومەتى هەرێمى كوردستان و وەزارەتى پەرەپێدانى توركيا

لەڕێكەوتى 2013/6/13 دكتۆر على سندى، وەزيرى پلاندانانى حكومەتى هەرێمى كوردستان و دكتۆر جەودەت يەڵماز، وەزيرى پەرەپێدانى توركيا لە ئەنكەرە ڕێككەوتنامەيەكى دوولايەنى و مێژوويیان بەناونيشانى پرۆگرامى هاوكارى پەرەپێدانى هەرێمى كوردستان و توركيا واژۆكرد.

پرۆگرامەكە بريتيە لە هاوكاريكردن لەنێوان حكومەتى هەرێمى كوردستان و حكومەتى توركيا لە بوارى پەرەپێدانى (تەندروستى، پەروەردە، گواستنەوە، هاوبەشيكردنى نێوان كەرتى گشتى و كەرتى تايبەت لەگەڵ كەرتەكانى بەيەكەوە بەستنى كۆمەڵايەتى) لە هەرێمى كوردستان، كە لە مانگى ئابى (2013) دەستپێدەكات و قۆناغى يەكەمى بۆ سێ مانگ بەردەوام دەبێت بەپێى ڕێكەوتنامەكە.

دكتۆر على سندى ڕوونيكردەوە واژۆكردنى ڕێككەوتنامەكە دياريكردنى خاڵێكى نوێى وەرچەرخانە بۆ هاوكاريكردن لەنێوان حكومەتى هەرێمى كوردستان و حكومەتى توركيا ، كە ئەمەش دواى بەرەوپێشچوونێكى بەرچاو و گەشەكردنى ئابوورى و پەيوەندى ڕامياريیەوە دێت.

وە دەكرێت حكومەتى هەرێمى كوردستان سوودێكى زۆر لە شارەزاى بوارى پەرەپێدانى توركيا وەربگرێت.

لەهەمان كاتيشدا بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە جێبەجێكردنى پێكهاتە جۆراوجۆرەكانى دەستپێشخەر و دەرئەنجامە چاوەڕوانكراوەكان، لەهەمان كاتدا هاوكاريەكى بەردەوام و تۆكمەيە لەگەڵ وەزارەتى پەرەپێدانى توركيا.

# خستنەڕووی حەوت ڕاپۆرت کە ڕێگای کوردستان نیشان دەدات لە ڕابردوو ، ئێستا ، ئایندەدا

وەزارەتی پلاندانان بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەڕۆژی (19)ی ئەیلولی 2013 لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵا حەوت ڕاپۆرتی خستەڕوو کە تیایدا ڕێژە و ئاماری وورد لەسەر ڕەوشی هەرێمی کوردستان دەربارەی داهاتی تاك و خێزان و ئاو و کارەبا و گەشتوگوزار و ڕێژەی بێکاری و تەندروستی و بەراوردی ڕێژەی لە دایکبوون و مردن و خوێندن و دیدی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020 خستەڕوو. ئەم ڕاپۆرتەش وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ئامادەی کردبوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا ژمارەیەك لە وەزیر و بەرپرسانی حکومەت و نوێنەرانی وولاتانی بیانی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و دەزگا و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەبوون.



بریکاری وەزارەتی پلاندانان شێروان ئەسعەد شیکردنەوەیەکی پێشکەشکرد و باسی لەو لێکۆڵینەوە و پلانانە کرد کە لەلایەن دەزگای ڕاندی ئەمریکیەوە پێشکەشکرابوو بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان.

دواتر د. علی سندی وەزیری پلاندانان کورتەیەکی لەسەر ئەو لێکۆڵینەوانە پێشکەشکرد، کە تایبەت بوو بە بارودۆخی ژیانی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان کە

بریتی بوون لە: (داهاتی تاك و خێزان، ئاو، كارەبا، گەشتوگوزار، بێكاری، تەندروستی، بەراوردكردنی نێوان رێژەی لە دایكبوون و مردن و خوێندن)، هەروەها وەزیری پلاندانان دیدگای پەرەپێدانی هەرێمی كوردستانی بۆ ساڵی 2020 بۆ ئامادەبووان ڕوونكردەوە.



دوای ئەوەش سۆكۆڵ كۆندی بەرپرسی نوسینگەی نەتەوەیەكگرتووەكان لە هەرێمی كوردستان و خاتوو رۆبین میڵ لە دامەزراوەی (RAND) ووتەكانیان پێشكەشكرد.
لە رێورەسمەكەدا سەرۆكی حكومەت بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە ووتەیەكیدا جەختی كردەوە لەسەر ئەوەی كەوا سیستەمی حوكمڕانی باش پێویستی بە زانیاری و داتا و شیكردنەوەی گشتگیرە، تاكو حكومەت بتوانێت سیاسەتی بەسوود دابڕێژێت، وە بە بەكارهێنانی سەرچاوە و ئامرازی بەردەست بۆ دەستنیشانكردنی لایەنە بەهێزەكان و كاركردن لەسەر لایەنە لاوازەكان بۆ باشتركردنی ئەدای حكومەت.
هەروەها دووپاتیشیكردەوە كە زۆر گرینگە حكومەت زانیاری هەبێت لەسەر تەواوی سێكتەرە ئابووریەكانی وولات و سێكتەرەكانی دیكە، بۆئەوەی بتوانێت سیاسەتێكی راست و دروست بۆ كەرتەكانی (پەروەردە، تەندروستی، گەشەپێدانی ئابووری و خزمەتگوزاریەكان) دابرێژێت.

# دیدگای حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2020 بنیاتنان لەسەر مێژوو كەڵك وەرگرتن لە دەرفەتەكان

پاش چەندین خەباتی خوێناوی خەڵكی كوردستانی عیراق، دەرئەنجام توانی خود فەرمانڕەوایی بە دەستبهێنێت، كە تێیدا دەتوانرێت پەرە بە توانا مرۆیی و كەلتوریەكان بدرێت لە هەرێمی كوردستان، وە پێشكەوتنەكانی دە ساڵی ڕابردووی هەرێمیش دیارە زۆر سەرسورهێنەر بووە.

لە پاش نەمانی دیكتاتۆریەت لە عیراق، هەرێمی كوردستان توانی پێشكەوتنێكی ئابووری و سیاسی و كەلتوری باش بە دەست بهێنێت، ئارامی ئاسایش و سەقامگیری سیاسی و مامەڵەی ژیرانەی سەركردایەتی سیاسی هەرێمی كوردستان لەگەڵ ڕووداوەكان، نهێنیەكانی ئەم سەركەوتنەن.

هەرچەندە هەرێمی كوردستان هەتا ڕادەیەكی بەرچاو لە دە ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان خۆش بكات، بەڵام كێشەكان و گرفتەكان كۆتایی نەهاتوون بۆ بنبڕكردنیان و كەم كەمكردنەوەی ئەو گرفتانەی لەسەر ڕێگادا ماون.

حكومەت بیری لە داهاتووشدا كردۆتەوە هەر بۆیەش دیدگای 2020 كوردستانی نەخشە بۆ كێشاوە، كە بڕیاریداوە هەموو هەوڵەكانی دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بخرێتەگەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكان كە لە نەخشەی ستراتیجیای دیدگای 2020 كوردستان دەستنیشان كراون.

لە ئێستاوە دەستكراوە بە ڕێكخستنی ئامادەسازی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكان، كە لە دیدگای 2020 گرنگی پێدراوە. حكومەتی هەرێمی كوردستان كاردەكات بۆ بنبڕكردنی نەخوێندەواری لە سەرتانسەری هەرێمی كوردستان و ڕێكخستنەوەی گشت بوارەكانی پەروەردە، هەروەها دیدگای 2020 كاردەكات بۆ دابینكردنی هەلی كاری زیاتر و ڕێكخستنەوەی خوێندنگا پیشەیەكان، تاوەكو بگەنە ئاستی پێویست لە هەرێمی

كوردستان و گەنجان و لاوان، بۆئەوەی بتوانن بە ئاسانی بگەنە بازاری كار.
هەروەها كاردەكات لەسەر دابینكردنی سیستەمێكی تەندروستی پێشكەوتووی هاوچەرخ، كە بەبێ جیاوازی هەموو هاوولاتییەكی ئەم نیشتیمانە لێی سوودمەند دەبێت.
سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە دیدگای 2020 ڕێگا خۆشكەرێك دەبێت بۆ گرنگیدانی زیاتر بە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و بوژاندنەوەی ژێرخانی كشتوكاڵ و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان، هەروەها دیدگا هەوڵدەدات كەرتی تایبەت بگەینێتە ئاستی بەرز، تا خەڵك بتوانێت پشتی پێببەستێت و داهاتووی هاوولاتیان مسۆگەر بكات.
لەلایەكی دیكەوە بەستانداركردن و باشتركردنی چۆنیەتی پڕۆژە خزمەتگوزارییەكان لە ئەولەویەتی كارەكانی دیدگای 2020 دەبن، بۆ هەرساڵێك سیاسەتێكی توكمە داڕێژراوە.
حكومەتی هەرێمی كوردستان بە ڕاوێژ لەگەڵ چەندین ڕێكخراوی شارەزا و پسپۆڕی ناوخۆیی و دەرەكی كاردەكات، بۆ دۆزینەوەی میكانیزمیكی گونجاو بۆ ڕاپەراندن و چاودێریكردنی كارەكانی دیدگای 2020.
هەروەها حكومەت دەزانێت كە ئەركەكان قورسن و بەربەست زۆرن لەبەردەم گەیشتن بە ئامانجەكانی دیدگای 2020 ، بەلام ئیرادەی خەڵكی هەرێمی كوردستان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بەهێزترە بۆ باشتركردن و دەوڵەمەندكردنی ژیان و گوزەران.
حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕیاریداوە بەرەوپێش هەنگاو بنێت بۆ ئاوەدانی و بەهێزكردنی ئابووری و توانا مرۆییەكانی ناوخۆیی سیاسەتی ئەم هەرێمە، باشترین پاڵپشتی ئەم سیاسەتەش هاوولاتیانی هەرێمی كوردستانن.
كوردستان چارەنووسی خۆی دیاریكردووە و (هاوچەرخی و ژیانی مۆدرین)یش دروشمەكەیەتی بۆ داهاتوو.

***

# واژۆ كردنی گرێبەستێك لەنێوان وەزارەتی پلاندانان و ئاژانسی هاوكاریكردنی نێودەوڵەتی KOIKA

وەزارەتی پلاندانان گرێبەستێكی لەگەڵ ئاژانسی هاوكاریكردنی نێودەوڵەتی كۆریا (KOICA) واژۆ كرد، كە لەلایەن بریكاری وەزارەتی پلاندانان بەڕێز شێروان ئەسعەد و نوێنەری ئاژانسی ناوبراو ئەنجامدرا، كە ئەویش ماوەی 4 ساڵ دەخایەنێت.




ئەم گرێبەستەش بریتیە لە دروستكردنی باڵەخانەیەكی ڕاهێنان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی سەر بە وەزارەتی پلاندانان.

هەروەها ئەم ئاژانسە هاوكاری دەكات لە دابینكردنی پێداویستی و كەلوپەلەكان بۆ ئەم باڵەخانەیە بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی و جێبەجێكردنی پرۆگرامێكی تایبەت بە سیستەمی ڕاهێنان، بەمەبەستی بەرزكردنەوەی توانا مرۆییەكان بۆ بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی خولی بەردەوام تێیدا بۆ فەرمانبەرانی دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هەروەها بەهێزكردنی توانستی دام و دەزگایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی/ KIPA، لەڕێگەی كردنەوەی چەند خولێك بۆ ئاشناكردنیان بە شێوازی سەردەمیانە لە بەڕێوەبردن و پرۆسەی ڕاهێنان و بەرزكردنەوەی چۆنیەتی كاركردن لە كەرتی گشتیدا، ئەمەش بە ناساندنی سیستەمی كارگێڕی و خۆیەتی لەسەر بنەمای زانستی و كەمكردنەوەی بەریەككەوتن و لێنەهاتوویی لە كارگێڕی گشتیدا.

# کارکـردن لەسەر پسولەی خۆراك و خەملاندنی هێڵ و ڕێژەی هەژاری لە هەرێم و عیراقی فیدراڵ بە گـشتی

- وەزارەتی پلاندانان بە بەردەوامی کاریکردووە بۆ گۆڕینی پسولەی خۆراك لە ئامرازی نەهێشتنی برسیەتی بۆ بزوێنەرێکی ئابووری، ئەویش لەڕێگای فراوانکردنی پشکە خۆراکەکان، کە بەروبوومە خۆماڵیەکان بگرێتە خۆی و گۆڕینی شێوازی گەیاندن بۆ خێزانە سوودمەندەکان بە کۆبۆن. ئەم بیرۆکەیە ئێستا حکومەتی فیدراڵ ڕەزامەندی لەسەر داوە و بەرنامەشی داناوە بۆ پەیرەوکردنی. ئەم بڕیارە بە سەرۆکایەتی ڕێزدار بریکاری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ دکتۆر ڕۆژ نوری شاوێس لە پرێس کۆنفرانسێکدا لەڕۆژی 2013/6/12 لە بەغدا ڕاگەیەنرا.
- وەزارەتی پلاندانان بەهاوکاری لەگەڵ بانکی جیهانی هێڵ و ڕێژەی هەژاری لە هەرێم و بەشەکانی تری عیراق خەملاند و ئەنجامەکانیشی بە سەرۆکایەتی ڕێزدار بریکاری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ، کە لە پرێس کۆنفرانسێکدا لـە ڕۆژی 2013/7/9 ڕاگەیەندرا.

# چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری، کە لەماوەی دیاریکراوی ئەم ڕاپۆرتەدا ئەنجامدراون

بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لـــە وەزارەتـی پلاندانان کـە پێشووتر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دڵنیایی جۆری دەکرد لە سەرجەم وەزارەت و پارێزگا و دەستەکاندا، لە کابینەی حەوتەمدا لەماوەی نێوان (2012/4/1 - 2013/8/30) ئەم چالاکیانەی ئەنجامداوە:

- ئامادەکردنی پرۆژە پێشنیارێك بۆ دانانی سندوقی سکاڵا لە گشت دامەزراوەکاندا، کە لەلایەن بەڕێوەبەرانی دڵنیایی جۆری سەرپەرشتی بکرێت و ڕاستەوخۆ ببەسترێتەوە

**بە نووسینگەی بەرپرسی یەکەمی دامەزراوەکە (وەزیر، پارێزگار، سەرۆکی دەستە) بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کە لەسەر پێشنیاری وەزارەتی پلاندانان بوو، ئەم پرۆژەیەش گشتاندنی بۆ کرا و جێبەجێکرا.**

- **واژۆکردنی گرێبەستێکی تازە بۆ ماوەی یەك ساڵ لەنێوان وەزارەتی پلاندانان و پەیمانگای بەریتانی بۆ کارگێڕی گشتی (NSGI) بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی دڵنیایی جۆری لە حکومەتی هەرێمدا. لە چوارچێوەی گرێبەستەکەدا پرۆژەی پەرەپێدانی تەندروستی و مافەکانی نەخۆش بۆ وەزارەتی تەندروستی و پرۆژەی باشترکردنی سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر سەر بە وەزارەتی ناوخۆ دەستنیشانکرا.**
- **سەردانی ڕاوێژکاری دڵنیایی جۆری بۆ ماوەی دوو هەفتە، هەروەها لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم چالاکییانەی خوارەوە:**
  - ◊ **کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی تازەی دڵنیایی جۆری، کە زیاتر لە 20 کەس بەشداربوون.**
  - ◊ **ئەنجامدانی سێ وۆرکشۆپی جیاواز بۆ:**
    - **گفتوگۆکردن سەبارەت بە وەسفی وەزیفی، تایبەت بە بەڕێوەبەرانی دڵنیایی جۆری.**
    - **داڕشتنی چوارچێوەی گشتی بۆ دەرکردنی مانوێڵی دڵنیایی جۆری.**
    - **ڕاگەیاندن و هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە دڵنیایی جۆری و چۆنیەتی بەهێزکردنی پەیوەندی و گەیاندن لەنێوان ئەندامانی تیمی دڵنیایی جۆری لەناو دامەزراوەکان و هەروەها لەنێوان دامەزراوەکانیشدا.**
  - ◊ **ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەرانی دڵنیایی جۆری، هەر یەك بەجیا بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە چالاکی ئەولەویاتی دامەزراوەکانیان تایبەت بە دڵنیایی جۆری. هەروەها بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەران و دڵنیایی جۆری بەگشتی.**
- **ئامادەکردنی ڕەشنووسی کۆتایی تایبەت بە:**
  - ◊ **وەسفی وەزیفی بەڕێوەبەرانی دڵنیایی جۆری.**

◊ چوارچێوەی گشتی مانوێلی دڵنیایی جۆری.

◊ چوارچێوەی گشتی سیمیناری هۆشیاركردنەوەی دڵنیایی جۆری بۆ سەرجەم دامەزراوەكانی حكومەت.


- ئامادەكردنی هەڵسەنگاندنی ڕاستی ئێستای دڵنیایی جۆری لە وەزارەتەكان، هەروەها توانایی بەڕێوەبەرانی دڵنیایی جۆری بەپێی خشتە و ژمارە لەگەڵ چەند چارتێك.
- ئامادەكردنی نەخشەی ڕێنیشاندەر و پلانی كاری دڵنیایی جۆری لە مانگی (5) بۆ مانگی 2013/12.
- ئامادەكردن و نووسینەوەی پرۆژەی پیادەكردنی دڵنیایی جۆری لە پۆلێنكردنی كۆمپانیا و بەڵێندەران لە وەزارەتی پلاندانان بۆ بە ئەلیكترۆنیكردنی پۆلێنكردن بە گشتی.
- ئامادەكردن و نووسینەوەی پرۆژەی هەڵسەنگاندنی ئەدای فەرمانبەرانی وەزارەتی پلاندانان.

تێبینی: لە مانگی ئایاری 2013 سەرپەرشتیكردنی دڵنیایی جۆری لە وەزارەتی پلاندانان گواسترایەوە بۆ فەرمانگەی هەماهەنگیی و بەدواداچوون لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.




# پۆلێنکردنی کۆمپانیا و بەڵێندەران
# لەماوەی نێوان مانگی 4 /2012 تا 2013/9/5

- پۆلێنکردنی کۆمپانیا و بەڵێندەری نوێ: 171 بەم شێوەیەی خوارەوە:
  - ◊ جۆری بیناسازی 134
  - ◊ جۆری کارەبا و میکانیك 37




- بەرزکردنەوەی پلەی پۆلێن 36
- نوێکردنەوەی ناسنامە 170
- هەڵوەشاندنەوەی پلەی پۆلێن 25
- خستنە لیستی ڕەش 9
- دەرهێنان لە لیستی ڕەش 4

- كۆى گشتى پۆلێنكردنى كۆمپانيا و بەڵێندەر: (2090)، كە پێكهاتووە لەم بوارانـەى خوارەوە:
  - ◊ جۆرى بيناسازى 1964
  - ◊ جۆرى كارەبا و ميكانيك 126




  - ◊ ئەو كۆمپانيايانەى لە هەردوو بوار پۆلێنكراون 30
  - ◊ خستنە ليستى ڕەش 41

- بڵاوكردنەوەى ڕەشـنووسـى پـەيـڕەوى پۆلێنكردن و دياريكردنى پلەى پۆلێنى كۆمپانيا و بەڵێندەران بۆ وەرگرتنى ڕاوسەرنج و پێشنيارى لايەنە پەيوەنديدارەكان.



# "پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە بواری گرێبەستە گشتیەكان و هەمواركردنەوەی ڕێنماییەكان و پێگەیاندنی ڕاهێنەران لەگەڵ چەندین كاری دیكەی پەیوەندیدار لەم بوارەدا "

-  بەمەبەستی دانانی ستراتیجیەكی زانستی پێشكەوتوو بۆ بواری گرێبەستە گشتیەكان و بە بەشداری وەزارەت و لایەنەكانی پەیوەندیدار لە حكومەتی هەرێمی كوردستان و بەسەرپەرشتی پسپۆڕان لە بانكی نێودەوڵەتی، پرۆسەی هەڵسەنگاندنی بواری گرێبەستە گشتیەكان لە هەرێمی كوردستان لە سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی 2013 جێبەجێكرا.
-  لە دەرەنجامی هەڵسەنگاندنی بواری گرێبەستە گشتیەكان، وە بۆ دانان و جێبەجێكردنی ستراتیجی بواری گرێبەستە گشتیەكان، وەزارەتی پلاندانان ڕێككەوتووە لەگەڵ بانكی نێودەوڵەتی بۆ نوێكردنەوە و هەمواركردنی ڕێنماییەكان، هەروەها دەركردنی بەڵگەنامە ستانداردەكان و دانانی ڕەشنووسی یاسای گرێبەستە حكومیەكان لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو دا.
-  بە هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان، بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان هەڵسا بە دەركردنی ڕێنمایی جێبەجێكردنی ڕاستەوخۆ ژمارە (1)ی ساڵی 2013، وە دانانی ستراتیجی ڕاهێنان لە بواری گرێبەستە گشتیەكان بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتوو لە سەرانسەری عیراق. هەروەها بەشداربوونی بەڕێوەبەری گرێبەستە گشتیەكان لە دانانی بەڵگەنامە ستانداردەكانی گرێبەستەكان لەبواری (كارەبا، پەروەردە، تەندروستی، تەكنۆلۆجیای زانیاری و بەڵگەنامەكانی هەڵسەنگاندنی شیاویی پێشوەخت).
-  بەسەرپەرشتی پسپۆڕانی بانكی نێودەوڵەتی پێگەیاندنی سێ ڕاهێنەر لە بواری گرێبەستە حكومیەكان لە وولاتانی ئوردن و توركیا.
-  جێبەجێكردنی زیاتر لە (12) خولی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی بواری گرێبەستە گشتیەكان لە وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت لە حكومەتی هەرێم دا.

# بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاویژ لە دوو ساڵی ڕابردوودا

یەكێك لە بەرنامە و پرەنسیپی كابینەی حەوتەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، گرنگیدان بوو بە دەسەڵاتە ناوخۆییەكان یان سیستەمی لامەركەزی لە سەرتانسەری هەرێمی كوردستان، دیارە چەسپاندنی ئەم سیستەمە پێویستی بە كات و كارمەندی بوێرو پلانێكی تۆكمە هەیە لەگەڵ هەموو بەربەستە یاسایی و كارگێڕییەكان.

حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕیاریدا كە هەوڵبدرێت دابەشكردنی دەسەڵات لەنێوان سەنتەری حكومڕانی و دەسەڵاتە ناوخۆییەكان لە بواری دابینكردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان و ڕاپەراندنی پرۆژەكان وەك ئەزموونێكی سەرەتایی لەڕێگای بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ بخاتە بواری جێبەجێكردن، ئەم بەرنامەیەش لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و بە هاوكاری بانكی نێودەوڵەتی سەرپەرشتی دەكرێت.



بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ یەكەم بەرنامەی حكومەتی هەرێمی كوردستانە، كە ڕاستەوخۆ هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بخاتە ناو دەسەڵات بەتایبەتی لە پرۆژە خزمەتگوزارییەكان، وە سیستەمی لامەركەزی لە هەندێك ناوچە و لە هەندێك بواری خزمەتگوزاری پەیرەو بكرێت.

وەزارەتی پلاندانان پاش هەڵسەنگاندنێكی بابەتیانە ڕەزامەندی دەربڕی بۆ پەرەپێدان بەم بەرنامەیە، كە پێشتر لەلایەن بانكی نێودەوڵەتی و بەهاوكاری ڕێكخراوێكی نێودەوڵەتی جێبەجێ دەكرا، بەڵام وەزارەتی پلاندانان جوگرافیای كارەكانی ئەم

بەرنامەيەى گەورەتر كرد بۆ هەرسێ پارێزگاى هەرێمى كوردستان و ئيدارەى گەرميان و ناوچە دابڕێنراوەكان. كاروچالاكى ئەم بەرنامەيە وەك ئەزموونێكى نوێ بۆ



باشتركردنى خزمەتگوزارييەكان و نزيككردنەوەى خەڵك و حكومەت، سەرەتاى كارەكانى دەستپێكرد. بەرنامەى گەياندنى خزمەتگوزارى بەڕاوێژ دوو جەمسەرى گرنگ لە خۆدەگرێت:

يەكەم: بەهێزكردنى كۆمەڵگا و فەرمانبەرە ناوخۆييەكانە لە بوارى كارگێڕى و بەڕێوەبردنى پرۆژەكان و پێدانى ئەزموونى سيستەمى لامەركەزى لە بوارى گەياندنى پرۆژە خزمەتگوزارييەكان بۆ هاووڵاتيان، لەم بوارەشدا بەرنامەى گەياندنى خزمەتگوزارى توانيويەتى زياتر لە (38) خولى ڕاهێنان بۆ كارمەندان و نوێنەرى كۆمەڵگا بەشداربووەكان بكاتەوە.

دووەم: دروستكردنى چەند پرۆژەيەكى خزمەتگوزارى بە كۆمەڵگا بەشداربووەكان و هەڵبژاردن و دەستنيشانكردنى پرۆژەكان لەلايەن خودى هاووڵاتيان وەك پێوەرێك كارى لەسەر كرا بۆ دارايى كردنى ئەم پرۆژانە، وە لە ماوەى دوو ساڵى ڕابردوودا زياتر لە (26) پرۆژە لە هەر (16) كۆمەڵگاكان دروستكرا، كە هەموويان بە هەڵبژاردن و بە كۆ دەنگى هاووڵاتيان لەلايەن وەزارەتى پلاندانان ڕەزامەندى لەسەردرا، ديارە كاريگەرى هاووڵاتيان لەسەر ئەم بەرنامەيە ڕەنگدانەوەيەكى ئەرێنى لەسەر ئەداى كارەكان و ستراتيجيەتى ئەم بەرنامەيە هەبووە، هەر بەمەبەستى پتەوكردنى ئامانجەكانى ئەم بەرنامەيە وەزارەتى پلاندانان كار لەسەر بەردەوامبوونى ئەم بەرنامەيە دەكات لە ساڵانى داهاتوودا.

## خشتەی پڕۆژەکانی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ - هەولێر

| کۆمەڵگا | ناوی پڕۆژە |
|---|---|
| دەشتی هەولێر | پزیشکی دابینکردنی کەلوپەلی و ئوتۆمبێلی فریاکەوتن بۆ بنکەی تەندروستی دەشتی هەولێر و دابینکردنی کەلوپەلی پزیشکی بۆ بنکەی تەندروستی بنەسڵاوە |
| دەشتی هەولێر | دەشتی هەولێر |
| مەخمور | ڕێگای گەڕەکی سەرای ، بندیان و شێروانە |
| قوشتەپە | دابینکردنی کەلوپەل و ئوتۆمبێلی فریاکەوتن بۆ بنکەی تەندروستی قوشتەپە |
| قوشتەپە | دروستکردنی هۆڵ بۆ دوو قوتابخانە و نۆژەنکردنەوەی دوو قوتابخانەی تر |
| ڕەواندوز | دروستکردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی شەهیدان و دابینکردنی کەلوپەلەکانی |
| سۆران | دروستکردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی هەرێم و دابینکردنی کەلوپەلەکانی |

## خشتەی پڕۆژەکانی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراوێژ- سلێمانی

| کۆمەڵگا | ناوی پڕۆژە |
|---|---|
| بیارە | دروستکردنی هۆڵی پرسە لە بیارە |
| بیارە | ڕێگاسازی گەڕەکی ملەی چنار لە بیارە |
| چەمچەماڵ | دروستکردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی بێکەس |
| چەمچەماڵ | دروستکردنی پاركی زانكۆ لە چەمچەماڵ |
| گرێزە | دروستکردنی ئاوەڕۆی لوولەی لە گوندی گرێزە |
| کەلار | دروستکردنی ئاوەڕۆی لوولەی لە گوندی ئاوارەکان لە کەلار |
| ڕانیە | دروستکردنی چوار پاركی بچووك لە گەڕەکی کارۆخ |
| ڕانیە | دابینکردنی کەلوپەل لەگەڵ دروستکردنی یاریگای بچووككراوە و لێدانی بیر بۆ قوتابخانەی (5)ی ئازار |
| سەیدسادق | دروستکردنی پارك لەسەر گردی سەیدسادق |

# پرۆژەكانی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەرپاوێژ- دهۆك

| كۆمەلگا | ناوی پرۆژە |
|---|---|
| ئەلقوش | رێگاسازی گەرەك و كۆمەلگاكانی ئەلقوش |
| ئەلقوش | دابینكردنی 60 ئامێری فۆتۆكۆپی بۆ 60 قوتابخانەی ئەلقوش و دەوروبەری |
| بەردەرەش | نۆژەنكردنەوەی شۆستەكانی بازاری سەرەكی بەردەرەش |
| بەردەرەش | دروستكردنی یاریگای تۆپی پێی بچووكراوە لە گەرەكی شێخ شمس |
| گەردەسێن | رێگاسازی گەرەكی ئاراس و ئاشتی و برایەتی |
| گەردەسێن | دروستكردنی هۆلی ئەزموونەكان لە گەردەسێن |
| شێخان | دروستكردنی باخچەی ساوایان لە گەرەكی روناهی |
| شێخان | دروستكردنی یاریگای تۆپی پێی بچووككراوە لە گەرەكی شێخ شمس |
| سومێل | دابینكردنی كەلوپەل بۆ سەنتەری لاوانی سومێل |
| سومێل | چاككردنی رێگای ناوخۆیی لە سیمیل |








## خشتەی خولەکانی ئەنجامدراو بۆ ئەندامانی کۆمەڵگاکان و فەرمانبەرانی حکومەت لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا / خزمەتگوزاری بەڕاوێژ

| ناونیشانی مەشق | ئاستی مەشق | شوێنی مەشق | ناوی ئەنجوومەنەکان | ڕۆژی دەست پێکردن | تێکڕای ڕۆژانی مەشق | ژمارەی ڕاهێنەر و بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی مەشقی پەیڕەوی سی ئێس دی پی و پەرەپێدانی بنەڕەتی کۆمەڵگا و بۆ حکومەتی خۆجێیی | قۆناغی سێیەم | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر- فەرمانبەرانی وەزارەتی پلاندانان و پارێزگا- حکومەتی هەرێمی کوردستان | 27/2/2012 | 4 | 15 |
| خولی مەشقی پەیڕەوی سی ئێس دی پی و پەرەپێدانی بنەڕەتی کۆمەڵگا و بۆ حکومەتی خۆجێیی | قۆناغی سێیەم | پانک- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر- سۆران- ڕەواندوز- مەخمور- دەشتی هەولێر، دهۆك/شێخان- ئاکرێ- بەردەڕەش- سومەیل | 25/3/2012 | 5 | 41 |
| خولی مەشقی پەیڕەوی سی ئێس دی پی و پەرەپێدانی بنەڕەتی کۆمەڵگا و بۆ حکومەتی خۆجێیی | قۆناغی سێیەم | سلێمانی- پارێزگای سلێمانی- حکومەتی هەرێمی کوردستان | سلێمانی- بیارە- چەمچەماڵ- کەلار- سەیدسادق- ڕانیە- گرێزە | 14/4/2012 | 5 | 16 |
| مەشقی بنەڕەتی چاودێری و هەڵسەنگان بۆ حکومەتی خۆجێیی - حکومەتی هەرێمی کوردستان | قۆناغی دووەم | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر/سۆران- ڕەواندوز- مەخمور- دەشتیهەولێر، سلێمانی/سەیدسادق- چەمچەماڵ- ڕانیە- بیارە- کەلار، دهۆك/ سومەیل- گەردەسێن- ئەلقوش- بەردەڕش - شێخان | 5/1/2012 | 4 | 16 |

| ناونیشانی مەشق | ئاستی مەشق | شوێنی مەشق | ناوی ئەنجوومەنەکان | ڕۆژی دەست پێکردن | تێکڕای ڕۆژانی مەشق | ژمارەی ڕاهێنەرو بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی مەشقی دیاریکردنی پرۆژە و نوسینی پرۆپۆزەڵ | قۆناغی سێیەم | دهۆک- پارێزگای دهۆک- حکومەتی هەرێمی کوردستان | دهۆک/شێخان- ئەلقوش- بەردەڕەش- سومەیل- گەردەسێن | 21/5/2012 | 4 | 4 |
| خولی مەشقی دیاریکردنی پرۆژە و نوسینی پرۆپۆزەڵ | قۆناغی سێیەم | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر- سۆران- ڕەواندوز- مەخمور- دەشتی هەولێر- قوشتەپە | 6/4/2012 | 4 | 38 |
| خولی مەشقی دیاریکردنی پرۆژە و نوسینی پرۆپۆزەڵ | قۆناغی سێیەم | سلێمانی- پارێزگای سلێمانی- حکومەتی هەرێمی کوردستان | سلێمانی- بیارە- چەمچەماڵ- سەیدسادق- ڕانیە- گرێزە | 18/6/2012 | 4 | 46 |
| خولی مەشقی چاودێری و هەڵسەنگاندن | قۆناغی دووەم | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر/سۆران- ڕەواندوز- مەخمور- دەشتی هەولێر- قوشتەپە ، سلێمانی/سەیدسادق- چەمچەماڵ- ڕانیە- بیارە- گرێزە- کەلار،دهۆک/سومەیل- گەردەسێن- ئەلقوش- بەردەڕش- شێخان | 7/2/2012 | 3 | 51 |

| ناونیشانی مەشق | ئاستی مەشق | شوێنی مەشق | ناوی ئەنجوومەنەکان | ڕۆژی دەست پێکردن | تێکڕای ڕۆژانی مەشق | ژمارەی ڕاهێنەرو بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی مەشقی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی پڕۆژە- قۆناغی دووەم - یەکەی دووەم | قۆناغی دووەم | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر/سۆران- ڕەواندوز- مەخمور- دەشتی هەولێر- قوشتەپە ، دهۆك/سومەیل- گەردەسێن - ئەلقوش- بەردەڕش- شێخان | 15/7/2012 | 3 | 60 |
| خولی مەشقی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی پڕۆژە- قۆناغی دووەم - یەکەی دووەم | قۆناغی دووەم | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | سلێمانی- سەیدسادق- چەمچەماڵ- ڕانیە- بیارە- گرێزە- کەلار | 24/7/2012 | 3 | 31 |
| خولی مەشقی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی پڕۆژە بۆ وەرگری پڕۆژە- قۆناغی دووەم- یەکەی سێیەم | قۆناغی دووەم | دهۆك- پارێزگای دهۆك- حکومەتی هەرێمی کوردستان | دهۆك- سومەیل- گەردەسێن- ئەلقوش- بەردەڕش- شێخان | 9/5/2012 | 2 | 32 |
| خولی مەشقی جێندەر و تواناسازی و پەرەپێدانی کۆمەڵگا | | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر- سەیدسادق- بەردەڕەش | 12/10/2012 | 4 | 13 |

| ناونیشانی مەشق | ئاستی مەشق | شوێنی مەشق | ناوی ئەنجوومەنەکان | ڕۆژی دەست پێکردن | تێکڕای ڕۆژانی مەشق | ژمارەی ڕاهێنەر و بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی مەشقی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی پرۆژە بۆ وەرگری پرۆژە- قۆناغی دووەم- یەکەی سێیەم | قۆناغی دووەم | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر- سۆران- ڕەواندوز- مەخمور- دەشتی هەولێر-قوشتەپە | 26/9/2012 | 2 | 30 |
| خولی مەشقی پەیوەندی کاری (اتصالات) | | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر- فەرمانبەری وەزارەتی پلاندانان/هیچ ئەندامێکی ئەنجوومەنی تێدانەبوو | 17/12/2012 | 1 | 5 |
| خولی مەشقی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی پرۆژە بۆ وەرگری پرۆژە- قۆناغی دووەم- یەکەی سێیەم | قۆناغی دووەم | سلێمانی- پارێزگای سلێمانی - حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر- سلێمانی- سەیدسادق- چەمچەماڵ ڕانیە- بیارە- کەلار | 21/12/2012 | 2 | 34 |
| خولی مەشقی بنیاتنانی تیم | | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی تێدا نەبوو | 11/3/2012 | 3 | 24 |

| ناونیشانی مەشق | ئاستی مەشق | شوێنی مەشق | ناوی ئەنجوومەنەکان | ڕۆژی دەست پێکردن | تێکڕای ڕۆژانی مەشق | ژمارەی ڕاهێنەرو بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وۆرکشۆپی چالاککەری چاودێری و هەڵسەنگاندن | | دهۆک- پارێزگای دهۆک- حکومەتی هەرێمی کوردستان | دهۆک- سومەیل- گەردەسێن- ئەلقۆش- بەردەڕەش- شێخان | 26/11/2012 | 1 | 16 |
| وۆرکشۆپی چالاککەری چاودێری و هەڵسەنگاندن | | هەولێر- پارێزگای هەولێر- حکومەتی هەرێمی کوردستان | هەولێر-سۆران- ڕەواندوز- مەخمور- دەشتی هەولێر- قۆشتەپە | 12/3/2012 | 1 | 1 |
| وۆرکشۆپی چالاککەری چاودێری و هەڵسەنگاندن | | سلێمانی-پارێزگای سلێمانی- حکومەتی هەرێمی کوردستان | سلێمانی- سەید سادق- چەمچەماڵ- ڕانیە - بیارە- گرێزە- کەلار | 12/10/2012 | 1 | 24 |
| وۆرکشۆپی پلان و پشتگیری | قۆناغی یەکەم | بەردەڕەش | دهۆک- گەردەسێن- بەردەڕەش | 19/2/2013 | 1 | 25 |

| ناونیشانی مەشق | ئاستی مەشق | شوێنی مەشق | ناوی ئەنجوومەنەکان | ڕۆژی دەست پێکردن | تێکڕای ڕۆژانی مەشق | ژمارەی ڕاهێنەر و بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وۆرکشۆپی پلان و پشتگیری | قۆناغی یەکەم | شێخان | دهۆک- ئەلقۆش- شێخان | 26/2/2013 | 1 | 20 |
| وۆرکشۆپی پلان و پشتگیری | قۆناغی یەکەم | سومەیل | دهۆک- سومەیل | 27/2/2013 | 1 | 12 |
| وۆرکشۆپی پلان و پشتگیری | قۆناغی یەکەم | سۆران | هەولێر- ڕەواندوز- سۆران | 13/3/2013 | 1 | 24 |
| وۆرکشۆپی پلان و پشتگیری | قۆناغی یەکەم | مەخمور | هەولێر- مەخمور | 18/3/2013 | 1 | 12 |

| ناونیشانی مەشق | ئاستی مەشق | شوێنی مەشق | ناوی ئەنجوومەنەکان | ڕۆژی دەست پێکردن | تێکڕای ڕۆژانی مەشق | ژمارەی ڕاهێنەر و بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وۆرکشۆپی پلان و پشتگیری | قۆناغی یەکەم | دەشتی هەولێر و قوشتەپە | هەولێر- دەشتی هەولێر | 27/3/2013 | 1 | 18 |
| وۆرکشۆپی پلان و پشتگیری | قۆناغی یەکەم | ڕانیە | سلێمانی- ڕانیە | 4/4/2013 | 1 | 7 |
| وۆرکشۆپی پلان و پشتگیری | قۆناغی یەکەم | چەمچەماڵ | سلێمانی- چەمچەماڵ | 16/4/2013 | 1 | 10 |
| وۆرکشۆپی پلان و پشتگیری | قۆناغی یەکەم | کەلار | سلێمانی- کەلار | 24/4/2013 | 1 | 9 |

| ناونیشانی مەشق | ئاستی مەشق | شوێنی مەشق | ناوی ئەنجوومەنەکان | ڕۆژی دەست پێکردن | تێکڕای ڕۆژانی مەشق | ژمارەی ڕاهێنەرو بەشداربووان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وۆرکشۆپی پلان و پشتگیری | قۆناغی یەکەم | بیارە | سلێمانی- بیارە | 25/4/2013 | 1 | 9 |



# ئامادەكارى بۆ سازدانى وۆركشۆپێكى گشتگير لە هەولێر، بەمەبەستى دياريكردنى نەخشەى هەژارى لەسەر ئاستى هەرێم

بەڕێوەبەرايەتى ســـتراتيجى كەمكردنەوەى هەژارى لەڕووى هەيكەلى ئيدارييەوە ســـەر بە بەڕێوەبەرايەتى گشتى پلانـــى بودجەى پڕۆژەكانى وەبەرهێنانە لە وەزارەتى پلاندانان.

ئامانجى ئەم بەڕێوەبەرايەتيە بريتيە لە بەدواداچوون و ديراسەكردنى ئەو پڕۆژانە كە كاريگەرى ڕاستەوخۆ يان ناڕاستەوخۆيان لەسەر چينى هەژاران دەبێت، كە لەلايەن وەزارەتە پەيوەنديدارەكانى حكومەتى هەرێم جێبەجێ دەكرێن.

بەدرێژايى ساڵى 2012 ئەم بەڕێوەبەرايەتيە بە هەماهەنگيى لەگەڵ ڕێكخراوى UNDP سەرقاڵى ئامادەكارى بوو بۆ سازدانى وۆركشۆپێكى گشتگير لە هەولێر، تا بتوانرێت نەخشەى هەژارى لەسەر ئاستى هەرێم ديارى بكرێت.

بۆ ئەم مەبەستەش لە كۆتايى مانگى ئابى ساڵى 2012 دا لە عەممان وۆركشۆپێك ئەنجامدرا، كە تێيدا نوێنەرى بەڕێوەبەرايەتى ستراتيجى كەمكردنەوەى هەژارى بەشداربوو. لەم وۆركشۆپەدا نيشاندەرەكانى هەژارى خرانەڕوو، وە لەگەڵ بارى ئێستاى سێ پارێزگاكەى هەرێم بەراورد كران.

وە هەر لەو سەردانەدا ستافى بەڕێوەبەرايەتى ستراتيجى كەمكردنەوەى هەژارى سەردانى وەزارەتى پلاندانانى وڵاتى ئوردنيان كرد و لەلايەن بەڕێوەبەرى بەشى كاروبارى كۆمەڵايەتى ئەو وەزارەتەوە چۆنيەتى ميكانيزم و كارە پەيوەنديدارەكانى تايبەت بە هەژارى ڕوونكرايەوە.

هەروەها بەڕێوەبەرايەتى ستراتيجى كەمكردنەوەى هەژارى بەردەوامە لە بەدواداچوون بۆ پڕۆژە پەيوەنديدارەكان بە هەژارى لە هەرێمى كوردستان، دواتر ئامادەكردنى ڕاپۆرت لەسەر بنەماى ئەو بەدواداچوونە وەكو پڕۆژەكانى (وەزارەتى كار، وەزارەتى تەندروستى، وەزارەتى كشتوكاڵ، وەزارەتى پەروەردە،......... هتد).

# واژۆكردنى چەندين گرێبەست لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵەتييەكان، بەمەبەستى بەرزكردنەوەى تواناى سەرچاوە مرۆييەكان

وەزارەتى پلاندانان هەڵساوە بە واژۆكردنى چەندين گرێبەست لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵەتيەكان، بەمەبەستى بەرزكردنەوەى تواناى سەرچاوە مرۆييەكان لە سەرجەم دامودەزگاكانى حكومەتى هەرێمى كوردستان، كە ئەمەش لەلايەن بەڕێوەبەرايەتى گشتى پەرەپێدانى مرۆيى واژۆكراون لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵەتيەكان لە بوارى پەرەپێدان.

- واژۆكردنى گرێبەستێك لەگەڵ قوتابخانەى نەتەوەيى بەريتانى نێودەوڵەتى (NSGI) لە 2013/2/14 كە ماوەى يەك ساڵ دەخايەنێت، بەمەبەستى جێبەجێكردنى پرۆژەى "دابينكردنى هاوكارى ڕاوێژكارى بۆ بەرزكردنەوەى توانستى فەرمانبەرانى حكومەتى هەرێم" لەم بوارانەى خوارەوە:
  - ◊ دڵنيايى جۆرى (QA) بەمەبەستى ئەنجامدانى پرۆژە لەسەر ئاستى وەزارەتەكان.
  - ◊ ئەنجامدانى پرۆژەيەك لە وەزارەتى تەندروستى بەمەبەستى پەرەپێدانى كەرتى تەندروستى.
  - ◊ هاوكاريكردنى ئۆفيسى ئيقامە لە وەزارەتى ناوخۆ بۆ خێراترو باشتر ڕاپەڕاندنى كارەكان.
- واژۆكردنى گرێبەستێك لە 2013 /4/4 لەگەڵ ئاژانسى هاوكاريكردنى نێودەوڵەتى كۆريا (KOICA)، كە ماوەى 4 ساڵ (2013- 2016) دەخايەنێت، كە تيايدا دواى دروستكردنى ئەم باڵەخانەيە لەلايەن وەزارەتەوە ئاژانسى ناوبراو هاوكارى دەكات لە بوارى مرۆيى و پێداويستى باڵەخانەكە بەپێى ستانداردى نێودەوڵەتى.
- واژۆكردنى گرێبەستێك لەگەڵ سەنتەرى تەكنەلۆجيا و ڕاهێنانى ئەوروپى ETTC، لە چوارچێوەى ئەو خولانەى كە بۆ كارمەندانى كەرتى گشتى لە سەرجەم دامودەزگاكانى حكومەتى هەرێمى كوردستان ئەنجام دەدرێن بۆ ساڵى 2013 بۆ پڕكردنەوەى پێداويستى خولەكان لە گشت دامودەزگاكانى حكومەتى هەرێم.

لەژێر ڕۆشنایی پرۆژەی "پەرەپێدانی كارگێڕی گشتی لە هەرێمی كوردستان" بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی بەهەماهەنگیی ڕێكخراوی UNDP-ESCWA لە زنجیرە ووركشۆپێك هەڵسا بە داڕشتنی پلانی ستراتیجی چوار ساڵی بۆ KIPA-ئەنستیتۆی كوردستان بۆ كارگێڕی گشتی.

بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕێكخراوە بیانیەكان و سەنتەرەكانی ڕاهێنان و بەهێزكردنی هەماهەنگیی زیاتری نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی زانیاری لەسەر ڕێكخراو و كۆمەڵە سەنتەرەكانی بیانی و ناوخۆیی، كە لەبواری ڕاهێنان كاردەكەن، ژمارەیان نزیكەی (2000) دەبێت.

بەمەبەستی بەرزكردنەوەی توانای سەرچاوە مرۆییەكان لە سەرجەم دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی لە چەند بواری كارگێڕی و هونەری پێویست چەندین خول و سیمیناری كردۆتەوە بۆ كارمەندان لە هەرسێ پارێزگاكانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) و ئیدارەی گەرمیان.
ئەم چالاكیانەش ئەنجامدراون لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و ئەو ڕێكخراوە نێودەوڵەتیانەی لە چوارچێوەی پەیوەندیكردن و گرێبەست هەماهەنگن لەگەڵ وەزارەت.

لێرەدا گرنگە بگوترێت كە لە میانەی جێبەجێكردنی (241) خول، (6611) فەرمانبەر لە پلەی جیاجیا سوودمەندبوون لە ماوەی ساڵی (2012-2013) و بەردەوامیش دەبن تا كۆتایی ساڵی 2013.



## ئەنستیتۆی كوردستان بۆ كارگێڕی گشتی لەماوەی نێوان (2012 - 2013) هەڵساوە بە ئەنجامدانی ئەم كارانەی خوارەوە:

- ئامادەكردنی ستافێكی لێهاتوو بۆ كاراكردنی ڕۆڵیان وەك ڕێكخەری خولەكان، بەمەبەستی فراوانكردنی هەماهەنگیی و كردنەوەی بەشی ڕاهێنان لە گشت وەزارەتەكان لە داهاتوودا.
- پێشكەشكردن و جێبەجێكردنی خولەكانی پلانی (2012 - 2013)ی KIPA لەلایەن ئەو ڕاهێنەرانەی كە خولی (TOT) یان بەسەركەوتوویی تەواو كردووە.
- جێبەجێكردنی (140) خول، كە ژمارەی بەشداربووان (3739) بوو لە گشت وەزارەتەكان لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، دهۆك، سلێمانی) و ئیدارەی گەرمیان.

### 1. خولی بنەما سەرەكیەكانی كارگێڕی بۆ فەرمانبەرانی تازە دامەزراوەكان:

| ناوی خول | ژمارەی خول | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| بنەما سەرەكیەكانی كارگێڕی/ هەولێر | 60 | 1585 |
| بنەما سەرەكیەكانی كارگێڕی/ دهۆك | 3 | 84 |
| بنەما سەرەكیەكانی كارگێڕی/ سلێمانی | 3 | 81 |
| بنەما سەرەكیەكانی كارگێڕی/ ئیدارەی گەرمیان | 3 | 75 |
| كۆی گشتی | 69 | 1825 |



## 2. خولە كارگێڕیەكان :

| ژمارەی بەشداربووان | ژمارەی خول | ناوی بەشێك لە خولەكان |
|---|---|---|
| 1304 | 50 | پارێزگای هەولێر/ كە بریتی بوون لە:<br>♦ بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەكان و پلاندانان و شیكاری وەزیفی<br>♦ خولی شێوازە تازەكانی هەڵسەنگاندنی ئەدای فەرمانبەران<br>♦ گرێبەستە گشتییەكان<br>♦ ئامادەكردنی بودجەی حكومی<br>♦ وۆركشۆپی پراكتیزەكردنە تازەكانی پلاندانان و بیركردنەوەی ستراتیجی<br>♦ وۆركشۆپی چەمك وبنەماكانی بەڕێوەبردنی جۆری گشتگیر<br>♦ پرۆسەی ڕاهێنان<br>♦ دیاریكردنی پێداویستیەكانی ڕاهێنان |
| 204 | 7 | پارێزگای دهۆك |
| 205 | 7 | پارێزگای سلێمانی |
| 201 | 7 | ئیدارەی گەرمیان |
| 1914 فەرمانبەر | 71 خول | كۆی گشتی |



## 3. بلاْوكراوەكان:

◊ ڕێبەری وەسفی وەزیفی.

◊ ڕێبەری بنەما سەرەكیەكانی كارگێڕی.


## ئەو چالاکیانەی ئەنجامدراون بە هەماهەنگیی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیە گشتیەکان و بازاڕکاری و سەنتەری تەکنەلۆجیاو ڕاهێنانی ئەوروپی ETTC لە ساڵی 2012

- **خول و سیمیناره کارگێڕیەکان:** کە 29 بابەتی جۆراوجۆری لە خۆ گرتبوو، کۆی گشتی بەشداربووانیش (2260) فەرمانبەر بوون.

| ناوی بەشێك لە خولەکان | ژمارەی خول | پارێزگا/ ژمارەی بەشداربووان | | |
|---|---|---|---|---|
| | | هەولێر | سلێمانی | دهۆك |
| – پرۆتۆکۆڵ و ئەتیکێت<br>– گەشتیاری ئەلیکترۆنی<br>– پەیوەندیکردن لەگەڵ هاووڵاتیان<br>– بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان<br>– توندوتیژی دژی ئافرەتان<br>– هەڵسەنگاندنی پێداویستی خولەکان<br>– کۆنترۆلی خۆراك و سەلامەتی بەکارهێنەر<br>– بەڕێوەبردنی دادگا بەشێوازی مۆدێرن | 68 | 1121 | 173 | 121 |
| کۆی گشتی بەشداربووان | | | | 1415 |

- **خولەکانی زمان و پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر:**

| بابەت | ژمارەی خول | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| – زمانی ئینگلیزی - ئاستەکانی (پێش بەرایی، بەرایی، ناوەند، پێشکەوتوو) | 18 | 297 |
| – زمانی ئەڵمانی | 1 | 8 |
| – (ئۆتۆکاد، وۆرد، ئەکسل، ئەکسس، پاوەرپۆینت، سەلامەتی کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت) | 29 | 440 |
| کۆی گشتی بەشداربووان | | 745 |




ئەو چالاکیانەی ئەنجامدراون به هەماهەنگیی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕکاری و سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەورووپی ETTC لە ساڵی 2013

| ناونیشانی خول | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|
| – خولی بەڕێوەبردنی دڵنیایی جۆری | 28 |
| – لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی داتا و بەڕێوەبردنی مەترسیەکان | 24 |
| – نوسینەوەی ڕاپۆرت و پێشکەشکردنی پرێزنتێشن | 24 |
| – خولی دڵنیایی جۆری لە وولاتی بەریتانیا | 24 |
| کۆی گشتی | 100 |

- خول و سیمیناره کارگێڕییەکان کە (24) بابەتی جۆراوجۆری لەخۆ گرتبوو، کۆی گشتی بەشداربووان (612) فەرمانبەر لە سەرجەم دامودەزگاکان سوودمەندبوون لەماوەی حەوت مانگی ساڵی 2013.

| ناوی بەشێك لە خولەكان | ژمارەی خول | ڕەگەز | |
|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ |
| – هەڵسەنگاندنی پڕۆژە بەشێوەیەکی ئابووریانە<br>– شێوازی نووسینی ڕاپۆرت و پرۆپۆزەڵ<br>– لێهاتووی بەڕێوەبردن بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەران<br>– ڕابەرایەتیکردنی کاریگەر<br>– گووتاری گشتی<br>– چوار خولی سەلامەتی ئاگر کەوتنەوە<br>– پرۆتۆکۆڵ و ئەتیکێت<br>– گەشتیاری ئەلیکترۆنی<br>– بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان<br>– لێهاتوویی پێشوازیکردن | 12 | 191 | 75 |
| کۆی گشتی | | | 266 |

- **خولەکانی زمان و پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر:**

| بابەت | ژمارەی خول | ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|
| – زمانی ئینگلیزی - ئاستەکانی (پێش بەرایی، بەرایی، ناوەند، پێشکەوتوو) | 8 | 151 |
| – (ئۆتۆکاد، وۆرد، ئەکسل، ئەکسس، سەلامەتی کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، Out Look، ویندۆز 2010) | 13 | 195 |
| کۆی گشتی | | 346 |

# پرۆژەی تواناسازی
# بۆ بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکان

پرۆژەی تواناسازی یەکێکە لە پرۆژە ستراتیجیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە تایبەتە بە ناردنە دەرەوەی فەرمانبەران لە سەرجەم دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکان لە چوارچێوەی خوێندنی باڵا ( ماستەر و دکتۆرا) لە دەرەوەی وڵات. هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی توانا مرۆییەکان لەرێگەی خولەکانی ڕاهێنان لەو بوارە جۆربەجۆرانەی کە پێویستن.





خولی دووەمی تواناسازی کە لە ساڵی 2012 بەرنامەی بۆ دانراو ڕاگەیەندرا، کە بەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێکرا:

- دیاریکردنی پێداویستی وەزارەتەکان بە هەماهەنگیی لەگەڵ ئەم وەزارەتانە.
- ڕاگەیاندنی پرۆژەکە بۆ پێشکەشکردن.
- هەژمارکردن و هەڵاوێرکردنی خاڵەکان و دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە شیاو بوون.
- ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەرایی و ماوەی سکاڵا و دواجار ڕاگەیاندنی لیستی کۆتایی ناوەکان.


دواتریش وەزارەت سەرقاڵی بە دواداچوونی ئەو نوسراوانە بوو کە لە 2013/6/6 ئاراستەی دام و دەزگاکان کرابوو، کە بەشێکیان لەکاتی خۆیدا وەڵامیان ناردەوە و تیایدا داوایان لێکرابوو پێداویستیەکانی خۆیان لە خوێندنی باڵاو ڕاهێنان دەستنیشان بکەن، تا بتوانرێت دوای دیراسەکردنیان و دانانی پێوەر و ڕێنمایەکان لەلایەن لێژنەی تایبەتەوە لە وەزارەت ئامادەکاریان بۆ بکرێت بۆ ڕاگەیاندنی خولی سێیەمی پرۆژەکە.


**خشتەی سەرجەم کاندیدکراوانی خولی دووەمی پرۆژەی تواناسازی**

| دیوان | پارێزگا | | | | ڕەگەز | | بوار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیوانی وەزارەت و دام و دەزگاکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | نێر | مێ | ماستەر | دکتۆرا |
| 178 | 348 | 318 | 175 | 49 | 841 | 227 | 1000 | 68 |




| ژمارەی ئەو کەسانەی دەستیان بە مامەڵە کردووە | ژمارەی ئەو کەسانەی بەشدارن لە کۆرسی زمان | ژمارەی ئەو کەسانەی سەفەریان کردووە | ژمارەی ئەو کەسانەی تاکو ئێستا هیچیان نەکردووە |
|---|---|---|---|
| 302 | 347 | 219 | 200 |


400
350
300
250
200
150
100
50
0
302
347
219
200
ژمارەی ئەو کەسانەی دەستیان بە مامەڵە کردووە
ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەشدارن لە کۆرسی زمان
ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەفەریان کردووە
ژمارەی ئەو کەسانەی تاکو ئێستا هیچیان نەکردووە


ژمارەی ئەو کەسانەی دەستیان بە مامەڵە کردووە
302
ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەشدارن لە کۆرسی زمان
347
ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەفەریان کردووە
219
ژمارەی ئەو کەسانەی تاکو ئێستا هیچیان نەکردووە
200
350
300
250
200
150
100
50
0

## كارو چالاكیەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی

◊ دارشتنی دیدگای هەرێمی كوردستان (الرؤيا عن المستقبل- أقليم كوردستان) 2020، كە تیایدا دیدگای هەرێم خراوەتەروو لە هەموو بوارەكاندا تاكو ساڵی 2020.

◊ پێداچوونەوە و دارشتنەوەی رەشنووسی پلانی ستراتیجی پێنج ساڵی (2014-2018)ی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان و رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و رێكخراوە نێودەڵەتیەكان.

◊ نوێكردنەوەی داتا و زانیاری نوێ و نوێكردنەوەی نیشاندەرەكان بە پشتبەستن بە دیدگای كوردستان بۆ ساڵی 2020 و پلانی ستراتیجی عیراق بۆ ساڵی (2013-2017).

◊ بەشداریكردن لەگەڵ وەزارەتی كشتوكاڵی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە دارشتنی پلانی ستراتیجی كشتوكاڵی و دانانی میكانیزمی گونجاو، بەمەبەستی پێشخستنی كەرتی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان و زیادكردنی بەرهەمی كشتوكاڵی خۆماڵی و هەوڵدان بۆ كەمكردنەوە و رێكخستنی هاوردەكردنی بەرهەمی كشتوكاڵی لە دەرەوە بەتایبەت لەم وەرزانەی كە بەروبوومی خۆماڵی پێدەگات، وەك پاڵپشتیەك بۆ جوتیارانی هەرێمی كوردستان و بەرهەمی ناوخۆیی.

◊ توێژینەوەی زانستی هەڵسان بە ئەنجامدانی شەش توێژینەوەی زانستی، بەمەبەستی چارەسەركردنی چەند گرفتێك و دانانی میكانیزمی گونجاو و زانستیانە بۆ چارەسەركردنیان كە بریتین لە:

- یەكەم : ئەم توێژینەوانەی تەواو كراون و هەڵسانگاندنی زانستیشیان بۆ كراوە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (1- بەرێوەبردنی خاشاك لە سەیرانگاكانی هەرێمی كوردستان 2- دەرهاوێشتەكانی خوێندنی زانكۆیی و گرێدانی بە بازاری كاری هەرێمی كوردستان 3- گرفتی نیشتەجێ لەنێوان كۆمپانیاكانی وەبەرهێنان و سندوقی نیشتەجێ لە هەرێمی كوردستان).

- دووەم : بە دواداچوون بۆ تەواوکردنی سێ توێژینەوەکەی تریش دەکرێت، کە ئەمانەن : (1- کاریگەری چڕی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لەسەر کۆمەڵگا و ژینگەی هەرێمی کوردستان 2- هەڵکشانی ژمارەی پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵانە و ڕەهەندەکانی چارەسەر لە هەرێمی کوردستان 3- دۆخی خەرجی و پارەدارکردن لە خوێندنگاکانی وەزارەتی پەروەردە).

◊ بەشداریکردن لە دانانی پلانی ستراتیجی عیراق بۆ ساڵی (2013 - 2017) لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عیراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

◊ بەشداریکردن لە دانانی (توێژینەوەی ستراتیجی ئاو و زەوی)، کە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عیراق هەڵدەستێت بە هاوکاری (ئیتلافی SGI، MED ئیتالی و کۆنکۆردی ئوردنی)، بەمەبەستی پلانی ستراتیجی سەرتانسەری بۆ عیراق.

◊ بەشداریکردن لە لیژنەی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکاری کەش و هەوای کوردستان لەگەڵ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم و ڕێکخراوی UNFCCC، بەمەبەستی بەدەستهێنانی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ هەرێم و ئەنجامدانی پرۆژەی ژینگە.

◊ ئەنجامدانی وۆرکشۆپی (چۆنیەتی نووسینی توێژینەوەی زانستی) بۆ کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی، بەمەبەستی شارەزابوون و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی.

◊ سەرەڕای ئەمانەش بەشداریکردنی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار لەماوەی دیاریکراوی ئەم ڕاپۆرتەدا.



# كارو پڕۆژەكان بەهاوكاری لەگەڵ ڕێكخراوی UNICEF (سندوقی داهاتی وولاتە یەكگرتووەكان بۆ منداڵان)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوكاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێكخراوی UNICEF و هەندێ لایەنی تر لە حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەڕێكەوتی 2013/7/10 سیمینارێكی سازدا لەژێر ناونیشانی (كەمكردنەوەی توندوتیژی و پێشهاتە نەخوازراوەكانی مەترسی كارەسات لەسەر منداڵان). ئەم ڕێكخراوە نێودەوڵەتیە (UNICEF) كار دەكات بۆ پاراستن و هێنانەدی مافی منداڵان، هەروەها پێی وایە منداڵان مافی (خۆراك پێدان، فێركردن، تەندروستی، پاراستن)یان هەیە، وە لە 190 وولاتی جیاواز بنكەی هەیە.

لەم سیمینارەدا جەختكرایەوە لەسەر:

- كەمكردنەوەی مەترسیەكان لەسەر منداڵان.
- پێكهێنانی دەزگایەك و یاسادانانی سیاسەتێك، كە تایبەت بێت بە تەندروستی و فێركردنی منداڵان.
- دانانی هەنگاوێكی كاریگەر بۆ گوێگرتن لە داخوازی و كێشەی منداڵان.
- كاركردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە وەك هەڵبژاردە بۆ كەمكردنەوەی مەترسی لەسەر منداڵان بەتایبەت لە قۆناغەكانی بنەرەتی.
- گرینگیدان بە هەندێ هۆكاری تەكنیكی، كە هۆكارن لە كەمكردنەوەی مەترسیەكان لەسەر منداڵان.
- پەیوەندیكردن و مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو دەزگا و لایەنانەی كە تایبەتن بە خۆئامادەكردن و بەڕێوەبردنی مەترسیەكان.
- هێنانە ناوەوەی هەندێ ئەزموون و سیاسەتی گرنگ و كاریگەری وولاتانی دەرەوە بۆ ناو سیاسەتی هەرێم، كە هۆكارن بۆ بەرەوباشتركردن.

هەر بۆ هێنانەدی ئەم هەوڵانە چەند كۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا، بۆئەوەی منداڵانی هەرێمیش بەهەمان شێوە خاوەنی مافی تەواوی خۆیان بن.

## كارو پرۆژەكان بەهاوكاری لەگەڵ ڕێكخراوی Un - Women

بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوكاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان چەندین كۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێكخراوی (Un - women) سازداوە، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤ و كۆمەڵگایەك كە مافی هەردوو ڕەگەزی تێدا هاوتا بێت.

ئەم ڕێكخراوە ڕێكخراوێكی وولاًتە یەكگرتووەكانە بۆ یەكسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەز و بەهێزكردنی توانستی ئافرەتان، كە لەساڵی 2010 دامەزراوە لەلایەن وولاًتە یەكگرتووەكان و بەئامانجی پاڵپشتیكردنی حكومەت لەڕووی ماددی و مەعنەویەوە، بۆ جێبەجێكردنی ئەو پێوەرانەی یاریدەدەرن بۆ بەرزكردنەوەی توانای ئافرەت لەوانە:

- دەستەبەركردنی سندوقێكی داهات بۆ گەشەپێدانی باری ئابووری ئافرەت.
- نوسینگەی ڕاوێژگاری تایبەت بەو كێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.
- دانانی پەیمانگای تایبەت بە خول و فێركاری بۆ ئافرەتان.

## بەرەوپێشبردنـــی ئابووری بازاڕی كۆمەڵایەتـــی لە عیراق

كۆنفرانسێك لە 2012/10/17 بەناونیشانی (بەرەوپێشبردنی ئابووری بازاری كۆمەڵایەتی لە عیراق) لە هوتێلی ڕۆتانا لە هەولێر بەبەشداری بەڕێزان دكتۆر ڕۆژ نوری شاوێس، جێگری سەرۆك وەزیرانی حكومەتی عیراقی فیدراڵ و دكتۆر علی سندی، وەزیری پلاندانان و رجینا بادۆرج، سەرۆكی ڕێكخراوی ئەڵمانی بۆ هاوكاری نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆلف ئولریش، كونسوڵی گشتی ئەڵمانیا GIZ لە هەولێر بەڕێوەچوو. ئامانج لەم كۆنفرانسە هاوكاریكردنی عیراق و هەرێمی كوردستانە لەڕووی تەكنیكی و دانانی میكانیزمی باش بۆ بەرەوپێشبردنی ئابووری بازاری كۆمەڵایەتی، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی شارەزایانی ئەم بوارە. ئامادەبووان تیشكیان خستەسەر گرنگی ئەم كۆنفرانسە و هیوایان خواست بەیەكەوە كار بكەن بۆ باشتركردنی سێكتەری ئابووری. لە كۆتاییدا وەزیری پلاندانان سوپاسی كۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی كرد بۆ هاوكاریكردنی هەرێمی كوردستان و ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هاوكاریكردنی ڕێكخراوی GIZ، بەمەبەستی ئاسانكردنی بەڕێوەچوونی كارەكانیان لە هەرێمی كوردستان.

# کۆبوونەوەی فراوانی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی کارەسات بەتایبەتی لەسەر منداڵان

کۆبوونەوەیەك بە هەماهەنگیی لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان و ڕێکخراوی UNICEF لەڕێکەوتی 2013/6/10 سەبارەت بە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی کارەسات بەتایبەتی لەسەر منداڵان بە بەشداری نوێنەرانی هەریەك لە وەزارەتی (تەندروستی، کشتوکاڵ، سەرچاوەکانی ئاو، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، شارەوانی، گەشتوگوزار، پەروەردە) و دەستەی پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە و پارێزگای هەولێر ئەنجامدرا، بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگەڵ




دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەپێی پەیوەندی بابەتەکە، کە ژمارەیەك پریزینتیشن پێشکەشکران و ژمارەیەك گروپ دروستکران بۆ زیاتر گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکان، وە کۆمەڵێك ڕاسپاردە و پێشنیار پێشکەشکران و بڕیارە لە داهاتوودا چەندین کۆبوونەوەی لەم جۆرە ئەنجام بدرێت بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆژەکە.

# يازدەمين كۆبوونەوەى هاوبەشى نێودەولەتى ئەنجامدرا



لەرێكەوتى 2013/6/16 بەرێز دكتۆر على سندى، وەزيرى پلاندانان يانزەمين كۆبوونەوەى نێودەولەتى لە هۆلى مامۆستا سەعد عەبدولا سازكرد، بە بەشدارى ژمارەيەكى زۆر لە بەرپرس و نوێنەرانى ئاژانسە نێودەولەتيەكانى كونسولگەريى ويلايەتە يەكگرتووەكان و فەرەنسا و نوێنەرى (UNIDO، IOM، USAID، KOICA، JICA، UNWOMEN، UNHCR، EU) لەگەل بەرێز صمد محمد حسين، سەرۆكى دەستەى پاراستن و چاككردنى ژينگە كە ئامادەى كۆبوونەوەكە بوو، بەهۆى ئەوەى "ژينگە" بابەتى سەرەكى كۆبوونەوەكە بـــوو.

لــــــە كۆبوونەوەكەدا بەرێز وەزيرى پلاندانان پريزێنتيشنێكى تايبەت بە ژينگە و ئەو بوارانەى كە پەيوەندييان بە ژينگەوە هەيە پێشكەشكرد، وە ئەو پلانانەى خستەروو كە بۆ ئايندە دانراون. پاشان بەرێز ثائر شرەيدە، نوێنەرى ئاژانسەكانى نەتەوە يەكگرتووەكان كورتەيەكى تايبەتمەند لە بوارى پرۆژەكانى UNDP خستەروو دەربارەى پرۆژەكانى نەتەوە يەكگرتووەكان لە هەرێمى كوردستان و عيراق. هەر لە كۆبوونەوەكەدا سەرۆكى دەستەى پاراستن و چاككردنى ژينگە پريزێنتيشنێكى ديكەى تايبەت بە ژينگە و مێژووى دروستبوونى دەستەى ژينگە و ياسا و داواكارييەكانى دەستەى ژينگە بـــەرامبەر ئـــــاژانسە نێودەولەتيەكان خستەروو.

لە كۆبوونەوەكەدا بەرێوەبەرى گشتى هاوكارى و هەماهەنگيى پەرەپێدان گفتوگۆكانى بەرێوەبرد و لە كۆتايشدا برياردرا زياتر پەرە بە بوارى ژينگە بدرێت.

## جێبەجێكردنی بەرنامەی گرێبەستی كۆمپانیا پشكێنەرەكانی (SGS)ی سویسری و (B.V) فەرەنسی بۆ پشكنینی كاڵاكان

لەڕێكەوتی 2012/4/15 دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری دەستیكرد بە جێبەجێكردنی بەرنامەی گرێبەستی كۆمپانیا پشكێنەرەكانی بیانی (SGS)ی سویسری و (B.V)ی فەرەنسی بۆ پشكنینی كاڵاكان، كە هاوردەی هەرێمی كوردستان دەكرێت لە خاڵە سنوریەكانی (پاشماخ، پەروێزخان، حاجی ئۆمەران، ئیبراهیم خلیل) بەگوێرەی لیستی دیاریكراو بۆ گشت كاڵاكان و بڵاوكردنەوەی (17) ئاگاداری تایبەت بە ڕاستكردنەوەی هەندێك لە تایبەتمەندی عیراقی بۆ چۆنیەتی جێبەجێكردنی ئەم بەرنامەیە.




## بەڕێوەچوونی كۆنفڕاسی بەرپرسیارەتی كۆمەڵایەتی ISO 26000

لەڕێكەوتی 2013/4/25 كۆنفڕانسێك لەژێر چاودێری بەڕێز دكتۆر علی سندی وەزیری پلاندانان و بەڕێز مارتن نورتیر پسپۆر لەبواری بەرپرسیارەتی كۆمەڵایەتی بەهەماهەنگیی بەڕێوەبەرایەتی كۆنترۆڵی جۆری و ڕێكخراوی بەیەكەوە بۆ پارستن بۆ مرۆڤ و ژینگە لە هوتێلی شیراتۆن بەڕێوەچوو. لە كۆنفڕانسەكەدا پێشەكیەكی كورت دەربارەی سیمینارەكە پێشكەش كرا، پاشان بەڕێز مارتن نوتیر سیمینارەكەی پێشكەشكرد، كە باس لە ISO 26000 كرا، بەمەبەستی چۆنیەتی كاركردن بە ISO 26000 و هەموو بنەما و ڕێنماییە پەیوەندیدارەكان.

## كار دەكرێت بۆ نەهێشتنی هێنانی كاڵای ساختە بۆ بازاڕەكانی هەرێم

لەڕێكەوتی 2013/6/9 كۆنفرانسێك بەسەرپەرشتی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری بە هاوكاری سەفیری وولاَتی یابان، سەبارەت بە هاوردەكردنی كاڵای ساختە بۆ بازاڕەكانی هەرێمی كوردستان لە هوتێلی ڕۆتانا بەڕێوەچوو.

لە كۆنفرانسەكەدا سەرۆكی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری و سەفیری وولاَتی یابان لە عیراق و هەرێمی كوردستان و ژمارەیەك لە بازرگانان و سەرمایەداران و پیاوانی خاوەنكار ئامادەبوون، كە كێشە و مەترسیەكانی بوونی كاڵای ساختە لە بازاڕەكاندا خرایەڕوو، بۆ ئەمەش چەند لێكۆلینەوەیەك لەلایەن ئامادەبووانەوە خرایەڕوو بۆ ڕێگریكردن لە هاوردەكردنی كاڵای خراپ بۆ بازاڕەكان.

لە لێدوانێكدا بۆ كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دكتۆر مؤید عبدالرحمان، سەرۆكی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری ڕایگەیاند "لە ئێستادا لەڕێگەی خاڵە سنوریەكانەوە ڕێگریەكی زۆر كراوە لە هاوردەكردنی كاڵای ساختە بۆ ناو هەرێمی كوردستان، بەڵام تاكو ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەكی باش ئەم دیاریدەیە كۆنترۆڵ بكرێت، بۆیە لەڕێگەی ئەو كۆنفرانسەوە هەوڵدەدرێت سوود لە تواناكانی وولاَتی یابان وەربگیرێت بۆ ڕێگریكردن لە كاڵای ساختە".

## بڕیار درا لەسەر تایبەتمەندی عیراقی ژمارە (1847) بۆ ساڵی 2012

دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری هەڵسا بە ئەنجامدانی كۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی بەڕێز دكتۆر صباح یوسف، سەرۆكی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری بە وەكالەت لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتەكانی (تەندروستی، كشتوكاڵ، بازرگانی و پیشەسازی)، دەربارەی تایبەتمەندی عیراقی ژمارە (1847)، ئامانجی ئەم كۆبوونەوەیە یەكلاكردنەوەی تایبەتمەندی عیراقی (1847) لە ساڵی (1999، 2010، 2012) تایبەت بە ماوەی بەسەرچوونی كەلوپەلی خۆراك.

هەروەها بە كۆی دەنگی گشت وەزارەتەكانی ئامادەبوو بڕیار درا، كە كار بە تایبەتمەندی عیراقی ژماری (1847)/ 2012 بكرێت (بەمەرجێك نوسخەی ڕەسەن- اصلی) بێت.

# مەرجی نوێ بۆ ئۆتۆمبێلی هاوردەكراوە

لەڕێكەوتی (2013/5/14) بەسەرپەرشتی بەڕێز بریكاری وەزیری پلاندانان شێروان ئەسعد قادر لەگەڵ ڕاوێژكاری وەزیری پلاندانان دكتۆر صباح يوسف توما و بەڕێز دكتۆر مؤيد قۆجی سەرۆكی دەستەی



پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ نوێنەری هەردوو كۆمپانیای (B.V،SGS) و نوێنەری چەند كۆمپانیایەكی هاوردەكردنی ئۆتۆمبێلی بەكارهاتوو لە هۆڵی كۆبوونەوەی دەستە كۆبوونەوە، بەمەبەستی تاوتوێكردنی ئەو ڕێنماییانەی كە بۆ هاوردەكردنی ئۆتۆمبێلی بەكارهاتوو ئامادەكرا بوو.

ئامانجی ئەم كۆبوونەوەیە كردنی كاری پێویست بوو بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە كە لەئیستادا ڕاگیراون بەپێی ڕێنمایی ئامادەكراو بۆ دەركردنی بڕوانامەی (COC) لەلایەن كۆمپانیاكانی پشكنین، وە ئەوانەی كە ناتوانرێت (COC) یان بۆ وەربگرێت ڕێگەیان پێ نادرێت.

وە لەڕێكەوتی 2013/2/15 ئەو ئۆتۆمبێلانەی كە لەبەر كەش و هەوا نەتوانراوە هاوردە بكرێت لەئیستادا لە سنوورەكان گیریان خواردووە، بەتایبەتی لە سنووری حاجی ئومەران و پاشماخ، كە ژمارەیان (4000) ئۆتۆمبێل دەبێت.

# ڕێككەوتننامەی هەرێمی كوردستان لەگەڵ وڵاتی توركیا بۆ نەهێشتنی كاڵای خراپ بۆ هەرێمی كوردستان

لە درێژەی كارو چالاكیەكانی دەستەی پێوانەسازی كۆنترۆڵی جۆری هەرێمی كوردستان حكومەتی توركیا هەماهەنگە بۆ ڕێگەگرتن لە هاوردەكردنی كاڵای خراپ، بۆیە لەڕێكەوتی (19،20)/2012/12 وەفدێكی توركی كە پێكهاتبوو لە وەزارەتی

ئابوری و کشتوکاڵ و ستانداردی تورکی TSE بەهەماهەنگیی لەگەڵ نوێنەرایەتی وەزارەتی تەندروستی و کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم لە هوتێلی ڕۆتانا کۆبوونەوە.




ئەنجامی کۆبوونەوەکەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەك بوو، کە حکومەتی تورکیا بەرپرس دەبێت لە ڕێگرتن لە هاوردەکردنی کاڵا و خۆراکی خراپ بۆ هەرێمی کوردستان، وە جەختکردنەوە لەسەر ئەنجامدانی پشکنین پێش هاوردەکردنی لەلایەن کۆمپانیاکانی ئەو وولاتەوە.

وە مەبەستی کۆبوونەوەکە نەهێشتنی هاوردەکردنی کاڵای خراپ بوو لە تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان. ئەم ڕێککەوتننامەیە لەڕێکەوتی 2013/3/1 جێبەجێ دەکرێت لەدوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

## واژۆکردنی یاداشتێك لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئێران INSO

لەڕێکەوتی 2012/11/15 کۆبوونەوەی کۆنترۆلی جۆری لەگەڵ دەستەی گشتی ستانداردی ئێران INSO بە ئامادەبوونی دکتۆر مؤيد قۆجی لەگەڵ نظام الدين بەرزگری سەرۆکی INSO و نیرەپیرۆز بخت بەڕێوەبەری گشتی تایبەتمەندی INSO لە هوتێلی دیڤان بەڕێوەچوو.


ئامانجی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ زیاتر لە یەك نزیکبوونەوە لەگەڵ وولاتی ئێران بوو، بەمەبەستی هەماهەنگیی و هاوکاریکردنی کارەکان و قبوڵکردنی مەرجەکان. لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا یاداشتێك واژۆ کرا بۆ زیاتر ئاسانکردنی کارەکان لەنێوان وولاتی ئێران و هەرێمی کوردستان.

## کەل و پەلی هاتووی پشکێنراو لەلایەن کۆمپانیای B.V & SGS

| باری گونجاو | نرخ/ US$ | باری نەگۆنجاو |
|---|---|---|
| 28168 | 7.673.260.935 ملیار | 832 |

ئەم خشتەیە بریتیە لە کۆی گشتی نموونەی پشکێنراو لە مەوادی (جوانکاری، پاککەرەوە،... هتد جگە لەجگەرە) لە تاقیگەکان و مەرکەزی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی کۆنترۆلی جۆری سلێمانی و دهۆك.

| نمونەی پشکێنراو | ژمارەی پشکنین | ڕێگەپێدراو | ڕێگەپێنەدراو |
|---|---|---|---|
| 1134316 | 8715 | 6740 | 1975 |




بڕی جگەرەی هاتوو لەماوەی 2012/4/1 - 2013/8/30 لە بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلی جۆری سلێمانی و دهۆك و فرۆکەخانەی هەولێری نێو دەولەتی


| شوێن | کۆی هاتوو/ تەن کارتۆن | ڕێگەپێدراو/تەن کارتۆن | ڕێگەپێندراو/تەن کارتۆن |
|---|---|---|---|
| جگەرەی توتنی پشکێنراو لە بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلی جۆری سلێمانی | 7935.351 تەن | 5689.288 تەن | ........ |
| | 6490934 کارتۆن | 5805339 کارتۆن | 3931 کارتۆن |
| جگەرەی هاتوو لە بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلی جۆری دهۆك | 44029.494 تەن | 44029.144 تەن | 350 کغم |
| بنکەی فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی (هەندێکیان هاوردەکراوی ناو هەرێم دەکرێت، ئەویتریان بۆ توریکا ڕەوانە دەکرێت) | 4900 تەن | 4900 تەن | ........ |

دەستەى پێوانەسازى كۆنترۆلى جۆرى لەرێگاى بەرێوەبەرايەتى خشل چەند كاروچالاكى ئەنجامداوە بە هەماهەنگيى لەگەڵ بەشەكانى سلێمانى و دهۆك، كە لە ماوەى (2012/4/1) تاوەكو (2013/8/31)، لە خشتەى خوارەوە ديارى كراوە:

| جۆرى كار و چالاكى | هەولێر | سلێمانى | دهۆك |
|---|---|---|---|
| دەرهێنانى مۆڵەتى زێرينگەرى | 63 | 36 | 25 |
| دەرهێنانى مۆڵەتى فرۆشتنى زێر بە كۆمەڵ | 2 | 6 | __ |
| دەرهێنانى مۆڵەتى وەرشەى زێر | 16 | 1 | 11 |
| تازەكردنەوەى مۆڵەتى زێرينگەرى | 695 | 698 | 485 |
| تازەكردنەوەى مۆڵەتى فرۆشتنى زێر بە كۆمەڵ | 7 | 24 | – |
| تازەكردنەوەى مۆڵەتى وەرشەى زێر | 111 | 29 | 54 |
| پشكنينى خشلى هاوردە (زێر، زيو، پلاتين) | 52119.593<br>پەنجاو دوو هەزارو سەدو نۆزدە كيلۆ وپێنج وسەدو نەوەدو سێ گرام | 67605.071<br>شەست و حەوت هەزارو و شەش سەد و پێنج كيلۆ و حەفتاو يەك گرام | 2311.339<br>دوو هەزارو سێ سەد يازدە كيلۆ و سێ سەد و سى و نۆ گرام |
| پشكنينى پسوولەى فرۆشتنى زێر | 1088 | 628 | 448 |
| پشكنينى دوكانى وەرشە و زێرينگەرى | 134 | 77 | 36 |
| كێشكردنى تەرازوو | 1011 | 547 | 459 |
| سەردانى لێژنەى چاودێرى بازاڕ | 66 جار | 38 جار | 51 جار |
| زێرى پشكێنراو لەلايەن لێژنەى چاودێرى | 32327.800<br>سى و دوو هەزار و سێ سەد و بيست حەوت گرام و هەشت سەد سەنت | 41302<br>چل و يەك هەزار و سێ سەد و دوو گرام | 9930<br>نۆ هەزار و نۆ سەد و سى گرام |
| تاقيكردنەوەى زێرينگەران و خاوەن وەرشەكان | 76 زێرينگەر | 42 زێرينگەر | 41 زێرينگەر |


# خولەکانی دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆلی جۆری

| خول | لە دەستە | لوبنان | ئوردن | مصر | ماليزيا |
|---|---|---|---|---|---|
| (کیمیا، مایکرۆبایۆلۆجی، کێشکردنی تەرازوو، IT) | 8 | 4 | 3 | 5 | 1 |
| ژمارەی بەشداربووان | 185 | 36 | 12 | 22 | 10 |




لەرێکەوتی 2013/6/9 دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆلی جۆری بە هاوکاری سەفیری وولاتی یابان سیمینارێکی پێشکەش کرد، بە بەشداری بەشێك لە فەرمانبەرانی دەستە و چەند کەس و لایەنێکی تر. ئەم خشتەیەش ژمارەی سیمینارەکانی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆریە:

| سیمینار | تاقیگە/ دڵنیایی جۆری | تەندروستی و سەلامەتی | ISO 9001 | ISO 17025 | ISO 26000 |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ. سیمینارەکان | 3 | 3 | 4 | 10 | 1 |



# كـورتـەيـەك
# دەربـارەى وەزارەتـى پـلاندانـان

وەزارەتى پلاندانان بەپێى ياساى ژمارە 7ى ساڵى 2006ى ئەنجومەنى نيشتيمانى كوردستانى عيراق دامەزراوە، بەمەبەستى ئامادەكردنى پلانەكانى پەرەپێدانى هەرێم و پێشخستنى لەرووى ئابوورى و كۆمەڵايەتى و مرۆيى و رۆشنبيرييەوە. هەروەها وەزارەتى پلاندانان بە هاوكارى و هەماهەنگيى لەگەڵ وەزارەت و دام و دەزگاكانى ديكەى حكومەت و كەرتى تايبەت پلانى درێژ و مامناوەند و كورتخايەنەكان و پەرەپێدانى مرۆيى و پەيوەندييەكان ئەنجام دەدات.

هەروەها دانانى پلان بۆ وەبەرهێنانى حكومى لە بودجەى تەرخانكراو بۆ ئەم مەبەستە لە بودجەى گشتى دەوڵەت پێشنياز دەكات، كە بەپێى پارێزگا و شارو شارۆچكەكان و ديهاتەكانى هەرێم، وە بەشێوەيەكى دادپەروەرانە دابەش بكرێت، بە لەبەرچاوگرتنى ئەولەويەت لەدياريكردنى پرۆژەكانى وەبەرهێنان، ئەم كارانەش بەهەماهەنگيى لەگەڵ وەزارەتە پەيوەنديدارەكانى حكومەتى هەرێمى كوردستان ئەنجام دەدرێن.

لەلايەكى ديكەوە، وەزارەت هەڵدەستێ بە ئەنجامدانى كردارى ئامارى جياجيا لە هەرێمدا بەتايبەتى ئەوانەى كە پەيوەنديان بە سەرژمێرييە گشتييەكانى دانيشتوانى هەرێم و خانووەكان و رووپێوى ئامادەيى تايبەت بە كەرتە جۆربەجۆرەكانى هەرێمەوە هەيە، وە هەروەها دانان و پەيرەوكردنى سيستەمێكى نيشتيمانى بۆ پێوەركارى و كۆنترۆلى جۆرەكى لە هەرێمدا بەپێى مواسەفاتى عيراقى و جيهانى و پۆلێنكردنى كۆمپانيا و بەڵێندەران و كارى ترى پەيوەنديدار.

لەم راپۆرتەدا ئەو كارو پرۆژە سەرەكيەكانى وەزارەت بەشێوەيەكى كورت و پوختكراو خراونەتەڕوو، كە لە ماوەى ئاماژەپێكراودا ئەنجامى داون، چ لەلايەن خودى وەزارەتەوە يان بە هاوكارى و هەماهەنگيى وەزارەتەكانى ديكەى حكومەت و لايەنە ناوخۆيى و بيانيە پەيوەنديدارەكان.
پێويستە بگوترێت كەوا لەم راپۆرتەدا تەنها ئاماژە بە كارو چالاكييە سەرەكييەكان كراوە بەشێوەيەكى كورت، وە بۆ هەر وردەكاريەك يا بەكارهێنانى داتاكان پێويست بە گەڕانەوە دەكات بۆ لايەنى پەيوەنديدار لە وەزارەتى پلاندانان يا ماڵپەڕى وەزارەت.


وەزارەتى پلاندانان
هەولێر - شەقامى 60 مەترى- نزيك سەرۆكايەتى ئەنجومەنى وەزيران
ماڵپەڕى وەزارەت
(www.mop-krg.org)

ئامادەكردن
طيب محمد اسماعيل
شارەزا- وەزارەتى پلاندانان
بەهاوكارى نوێنەرانى دام و دەزگاكانى وەزارەت
e-mail address:
tayeb_abbasi@yahoo.com

# كارو چالاكییەكانی وەزارەتی پلاندانان

وەزارەتی پلاندانان www.mop-krg.org



# Ministry of Planning Activities and Achievements Report

April 2012 - September - 2013

February, 2014